# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی (بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ)، نووسینی «بەدر ئیسماعیل شێرۆکی» لە توێی (٤٢٨) لاپەڕە و بە دیزاین و بەرگێکی ناوازە بڵاوکرایەوە.

نووسەری ئەم بەرهەمە، بەدواداچوون و شرۆڤەکارییەکی وردی بۆ دەڤەری بارزان و کەسایەتییە ناودارەکانی و رۆڵیان لە بزافی بارزان و رەوتی سەربەخۆییخوازی و سەروەریی نەتەوەیی کورد کردووە.

وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێز بەدر ئیسماعیل شێرۆکی، هیواداریـن نموونەیان زۆر بێت و کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیی بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.



# هەندێک لە خاڵە جیاکەرەوەکانی کورد

بۆ ئێستا و ئایندەی خۆمان زۆر گرنگە بایەخی زیاتر بە کوردۆلۆجی بدەین لە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە، چونکە کوردۆلۆجی، یان کوردناسی وەك گشت ئەو نووسراو و توێژینەوانەی پەیوەستن بە ژیانی کوردو کوردستانەوە لە بوارەکانی جوگرافیاو مێژوو زمان و شێوەزارو داب ونەریت و هونەرو بیناسازی و جلوبەرگ و سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئابوورییەوە، جا چ لەلایەن کورد خۆیەوە، یان لەلایەن بیانییەکانەوە نووسرا بێت.

ڕەنگە زۆر هۆ هەبووبن بۆ دەرکەوتنی کوردۆلۆجی، وەك:

**هۆی ئابووری:** بە هۆی دەوڵەمەندیی خاکی کوردان بە زۆربەی سەرچاوەکانی وزە و ماددە خامەکان لەلایەك و، بەهۆی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان لە لایەکی دیکەوە، زۆرێك لە دەوڵەتانی نزیك و دوور بایەخیان بە کوردۆلۆجی داوە.

**هەڵمەتە ئایینییەکان:** زۆرێك لە دەوڵەتان لە دێرزەمانەوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئایینی خۆیان، ویستوویانە لە بارەی کوردەوە زانیاریی وردیان هەبێت.

**هۆی سەربازی و سیاسی:** دەوڵەتانی وەك فارس و ڕۆم، سەفەوی و عوسمانی، فەرەنسا و بەریتانیا، ئەڵمانیا و رووسیا، هەر یەکەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی خەریکی پرۆسەی کوردناسی بووە.

قۆناغەکانی گەشەکردنی کوردۆلۆجییش دوورو درێژ بوون، بۆ نموونە :

یۆنانییەکان لە مێژووی کۆنی خۆیاندا زانیارییان لە بارەی کوردەوە کۆکردۆتەوە.

دواتر ئیتاڵییەکان، لەبەر هۆی ئایینیی و زانستیی ئیتاڵییەکان وردتر کوردستانیان ناسیوە، نووسراوەکانی گەڕیدەو گەشتکار مارکۆ پۆلۆ (١٢٥٤ - ١٣٢٤)ی زایینی، باسی کوردستان دەکات و، کورد بە گەلی جەنگاوەر و خەمبار ناو دەبات.

ئنجا ئەڵمانییەکان و پاشان رووسەکان، لەسەدەی هەژدەوە رووسەکان زۆرترین قسەو باسیان لەسەر کورد نووسیوەو، چەندین پەیمانگاو بەشیان لە زانکۆکاندا کردۆتەوە بۆ کوردناسی و دواتریش کۆلۆنیاڵییەکان، بەتایبەت لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا و لەلایەن بەریتانیاو فەرەنساوە دەیان توێژینەوەی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافییان لەبارەی کوردەوە نووسیوە، لەبەر هۆی سیاسیی زیاتر لەوەی هۆی زانستی بن. لە کۆتاییشدا هەوڵە خۆماڵییەکان، کە ساڵانیکی کەم نییە دەستیان پێکراوەو، باس و توێژینەوە زانستییەکان لە بوارە جیاجیاکانی تایبەت بە کورد و کوردستان.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت

یەکێک لە سوودە گەورەکانی ئەم زانستە یارمەتیدانمانە بۆ خۆناسین و زانینی زۆر خاڵی تایبەت بەکورد کە لە گەلانی دەوروبەری جودای دەکاتەوە، بۆ نموونە:

١- دیاردەی فلتەری کوردی، هەر زاراوەیەك، یان بیردۆزێك کاتێك بەفلتەری کورددا تێپەڕ دەبێت مانایەکی خۆماڵی وەردەگرێت، بۆیە زۆر وشە و زاراوە و بیروبۆچوون هەن، کاتێك دەگەنە لای کورد و بە فلتەری کوردیدا تێپەڕ دەبن، ماناو شێوازێکی نوێ وەردەگرن.

٢- کورد وەك دۆستی چیا، ماناکانی ئازادی و بینینی ئەوانی دیکە و سەربەخۆبوونی لەلا چەسپاوە.

٣- ژینگەی کوردو دووانەکانی بەرز – نزم، سارد – گەرم، باران – وشکە ساڵی، بیرکردنەوەیەکی پۆلێنکاریی دووانەیی لەلا دروست کردووە، زۆربەی کات کەمتر ناوەڕاست و تێکڕای شتەکان و ڕووداوەکان دەبینێت، بۆیە لە گوفتار و ڕەفتاردا یەکێك لە هەردوو سەری هەڵوێستە توندەکان هەڵدەبژێرێت.

٤- کورد وێڕای ئەوەی زۆرینەی موسڵمانە، بەڵام تەواوی وردەکاریی ئایینەکانی پێشووی پشتگوێ نەخستووە، بۆیە زۆر سرووت و بۆنە هەن کورد ئێستاش یادیان دەکاتەوە، هاوبەشیی خاوەن ئایینەکانیش دەکات تیایاندا.

٥- کورد لەو گەلانەیە کە لە وەرگرتنی ئیسلامیش و لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیشیدا، زمانی ڕەسەنی خۆی پاراستووە، وەك موسڵمانی شام و باکووری ئەفریقیا زمانی خۆی نەگۆڕیوە بۆ عەرەبی.


٦- کورد بە هۆی دابڕانی جوگرافییەوە، ئیماراتی جودای پێکهێناوە، بەمەش شێوەزاری جیاواز هاتۆتەئاراوە.

٧- کورد بەهۆی هەوڵدان بۆ خۆپاراستن لە دەستی دەوڵەتانی داگیرکار، زۆربەی کات ئەوەی لە ناخیدایە شتێك بووە، ئەوەی ئاشکرای کردووە، شتێکی دیکە بووە، بەمەش نیکیتین دەڵێت: کورد زۆر تێکەڵن، بەڵام مانای وانییە کە تەبان.

٨- کورد ئایینی وەك عیرفانی حوببی و خۆشەویستیی خودا زیاتر لەلا مەبەستە هەتا زوهد و تەرکی دنیا.

٩- کورد خاوەن عەقڵێکی زۆر پرسیارکار و ڕەخنەگرانەیە، بۆیە تا قەناعەتی خۆی بۆ دروست نەبێت، تەسلیم بەهیچ شتێك نابێت.

١٠- کورد ئایین و نەتەوەی پێکەوە ویستووە، بۆیە لە دێرین زەمانەوە هەر کەسێك دژی هەستی نەتەوایەتی و زمان و کەلتووری وەستابێتەوە، قەبووڵی نەکردووە بە ناوی ئایینەوە دژایەتی بکرێت.


THE GREAT BETRAYAL
HOW AMERICA ABANDONED AN ALLY IN THE MIDDLE EAST
DAVID L. PHILLIPS

ئـەم کتێبـە گرنگـە کـە لەلایـەن «دیڤیـد فلیپس»ـەوە نووسـراوە، پـەردەی لەسـەر سیاسـەتی فاشـیلی ئەمریـکا هەڵماڵیـوە، ئەمـەش ئاشـکراکردنی تاریکتریـن سـەردەمە لـە شـەرەفی نیشـتمانیمان لـەم سـەدە تازەیـەدا.

« گەورەتریـن خیانـەت» زۆر بـە وردی وێنـای ئـەوەی کـردووە کـە حکومەتەکـەی ئێمـە زۆر غەدرانـە کوردەکانـی عێـراق کـە تەنیـا هاوپەیمانـی ئێمـەن لـە ناوچەکـەدا رادەسـتی ئێرانـی کـرد. لـە ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ سـەرۆکی ئەمریـکا بەڵێنـی دا کـە رێوشـوێنەکانی لەسەر ئێران توند بکات و نفووزی کاریگەری لە ناوچەکە بچووک بکاتـەوە، بـەڵام هـەر راسـتەوخۆ دوای راگەیاندنـی ئـەم پەیمانـە، ئیدارەی ئەمریـکا دەستەوەسـتان راوەسـتا بەرامبـەر هێزەکانـی عێـراق کـە لەلایـەن «ژەنـەڕاڵ قاسم سـولەیمانی»یەوە سـەرکردایەتی دەکران بـە پشـتگیری هێزەکانـی ئێـران و حزبـوڵا هێرشـیان کـردە سـەر پێشـمەرگە لـە کەرکـووک، سـەرەنجامیش سیاسـەتی ترسـنۆکانەی وڵاتەکەمـان بـواری بـەوەدا کـە ئێـران رۆڵ و کاریگـەری لـە تارانـەوە هەتا دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت فـراوان بێـت، کـە لـە دوای ئیمپراتۆریەتـی فارسـییەوە، ئێـران دەسـتکەوتی وای بەدەسـت نەهێنـاوە.

لەسـەر ئەمانـەوە، ئەمـە ئاماژەیەکـە بـۆ دۆسـت و دوژمـن کـە هەرگیـز ئەمریـکا هاوپەیمانێکـی باوەڕپێکـراوی ئەوتـۆ نییـە کـە پشـتی پـێ ببەسـترێت. بۆیـە دەبێـت داوابکرێـت هەمـوو بەرپرسـانی ئیـدارەی ئەمریکـی ئـەم کتێبـە بخوێننـەوە.

● جەی گارنەر، ژەنەڕاڵی خانەنشینی سوپای ئەمریکا

کتێبـی «گەورەتریـن خیانـەت «دیراسـەت و توێژینەوەیـە سـەبارەت بـەو کارەسـاتە تراژیدییانـەی بەسـەر گەلـی کـورد هاتـووە، کـورد کـە تەنیـا هاوپەیمانـی راسـتەقینەی ئەمریـکا و رۆژئاوایـە، هاوشـانی هێزەکانـی ئەمریکا شـەڕی کـرد و لـە شـەڕی دژی داعشـدا قوربانـی دا، بـەڵام کاتیـک لـە هـەر دوو بـەرەی کوردسـتانی عێـراق و رۆژئـاواوە هێرش کرایـە سـەر کورد، ئەمریکا رایگەیاند ئێمە لایەنگری لـە هیچ لایـەک ناکەیـن، ئەمـەش بـووە هاندەرێـک بـۆ میلیشـیاکانی شـیعە و جیهادییەکانـی سـووریا کـە پەلامـاری کوردسـتان بـدەن.

کتێبـی «گەورەتریـن خیانـەت» پێویسـتە هەمـوو ئـەو کەسـانە بیخوێننـەوە، کـە بایـەخ بـە جیۆپۆلیتیکـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەدەن.

● نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک

دیمانەی تایبەت



**پڕۆفیسۆر دەیڤید فیلیپس**

نووسەری کتێبی (گەورەترین خیانەت) بۆ گوڵان:

# ئەمریکا بێجگە لە کورد هاوپەیمانێکی دیکەی راستەقینەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵام دوای ریفراندۆم خیانەتی لە کورد کرد

# پرسی سەربەخۆیی کاتی دەوێت و ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە، ئەم ئامانجەش دواخراوە و تێکنەشکاوە

**دەیڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، پێشتریش وەك راوێژکاری باڵای سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەك شارەزای کاروباری دەرەکی و راوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە. هەروەها توێژەر بووە لە زانکۆی هارڤارد و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆگرامی چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێودەوڵەتی بووە لە زانکۆی کۆڵۆڵمبیا، بە هەمان شێوە بەڕێوەبەری پرۆگرامی رێگریکردن لە ناکۆکی، بنیادنانی ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکی بووە. لە نزیکیشەوە چاودێریی پەرەسەندنەکانی کوردستانی کردووە و لەم بارەیەوە کتێبی (بەهاری کوردی) و (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە عێراقدا)ی نووسیوە و لەم رۆژانەی دواییدا کتێبێکی نوێی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (گەورەترین خیانەت: ئەمریکا چۆن پشتی لە کورد کرد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دۆڕاند -** The Great Betrayal: How America Abandoned the Kurds and Lost the Middle East**) قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە بووە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ دەیڤید فیلیپسدا لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** لەم رۆژانەدا ئێوە کتێبێکی نوێتان بڵاوکردەوە بە ناوی «ناپاکییە گەورەکە: چۆن ئەمریکا دەستبەرداری کورد بوو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست دا» ئایا ناوەرۆك و پەیامی سەرەکیی ئەم کتێبە چییە و چی لەخۆ دەگرێت؟**

- ئەمریکا جگە لە کورد دۆستێکی باشتری نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام ئەمریکا ناپاکی لەگەڵ کوردی عێراق کرد لە رێی پشتیوانینەکردن لە ئامانجەکەیان بۆ سەربەخۆیی. کورد و ئەمریکییەکان بەهای هاوبەشیان هەیە. بۆ چەندین دەیە دەچێت کورد هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا کردووە و شایستەی ئەوەیە پشتیوانیی ئەمریکا بەدەست بهێنێت. سەرەڕای ناپاکیکردن لە کوردی عێراق، ئەمریکا کوردی سووریاشی رێکخستووە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، کە من ترس و نیگەرانیی ئەوەم هەیە ئەمریکا ناپاکی لەگەڵ ئەوانیشدا بکات.

*** کەواتە لەم روانگەیەوە و بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەمریکا سیاسەتێکی روون و جێگیر و گشتگیری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و تەحەددیەکانی ناوچەکەدا نییە؟**

- سیاسەتی ئەمریکا تەنیا پاڵنەرێکی هەیە، ئەویش بریتییە لە تێکشکاندنی داعش. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوەکان تەنیا بە هێزی زەبر ناکرێت. بەڵکو پێویستی بە پشتیوانی لە ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەیە.

*** ئەگەر وایێت ئەوا دروستە بڵێین هەڵسوکەوتەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا لەسەر بنەمای بە هەڵەتێگەیشتن لە راستی و واقیعی ئەم ناوچەیە بنیادنراون؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە کردارەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای پرەنسیپێك بنیادنەنراون. چونکە دەبێت ئەمریکا پشتیوانی لە دۆستەکانی بکات و هەوڵی رازیکردنی دوژمنەکانی نەدات. پشتیوانینەکردن لە کورد لە کاتێکدا لە سەدا ٩٣ی خەڵکەکە دەنگیان سەربەخۆیی دا، بووە هۆی دروستبوونی دەرفەتێك کە ئێران بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت.

*** بەڵام بۆچی ئەمریکا گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکات بۆ هێزەکانی دیکە و بواریان پێدەدات بۆ ئەوەی هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و پەرە**

**کورد پێویستە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندی شەخسی، یان حزبییەوە، ئەوەش فەرامۆش نەکات کە هەمیشە ناتەبایی خاڵی لاوازی کوردستان بووە**

**بۆ چەندین دەیە دەچێت کورد هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا کردووە و شایستەی ئەوەیە پشتیوانیی ئەمریکا بەدەست بهێنێت**

**سەرەڕای ناپاکیکردن لە کوردی عێراق، ئەمریکا کوردی سووریاشی ڕێکخستووە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، کە من ترس و نیگەرانیی ئەوەم هەیە ئەمریکا ناپاکی لەگەڵ ئەوانیشدا بکات**

**بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوەکان تەنیا بە هێزی زەبر ناکرێت. بەڵکو پێویستی بە پشتیوانی لە ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەیە**

**نەبوونی سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆتە هۆی ئەوەی کاراکتەرە خراپەکان بۆشاییەکە پڕبکەنەوە**

**ئەمریکا ستراتیژیەتێکی جێگیری نییە لە ئاست کورد و لە ئاست عێراقدا، داعشیش بە ناوێکی نوێ و بە فۆرمێکی نوێوە دەردەکەوێتەوە**

**بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن؟**

- ئاشکرایە ئەمریکا چەندین هەڵەی کردووە. بواری داوە ئێران و تورکیا برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن. ئەوەتا هێزە وەکیلەکانی تورکیا لە سووریا، کە سوپای سووریای ئازادە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی بەرەی ئەلنوسرە و ئەلقاعیدە. کەواتە نەبوونی سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆتە هۆی ئەوەی کاراکتەرە خراپەکان بۆشاییەکە پڕبکەنەوە.

*** ئایا دەکرێت پێشبینی چ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بکەین؟**

- من پێموانییە بتوانین پێشبینیی ڕوودانی گۆڕانکاری بکەین لە ماوەی ئیدارەی ترەمپدا. ئەمریکا ستراتیژییەتێکی جێگیری نییە لە ئاست کورد و لە ئاست عێراقدا، داعشیش بە ناوێکی نوێ و بە فۆرمێکی نوێوە دەردەکەوێتەوە.

*** باشە دەبێت چی بکرێت لەم ڕووەوە؟**

- پێویستە ئەمریکا کار لەسەر پەرەپێدانی دیموکراسی و ئابووری و یەکسانیی جێندەری بکات بۆ ئەوەی زۆنگاوی پشتیوانیکردن لە داعش وشك بکات.

*** بەڵام ئەگەر لە ڕووی واقیعیەوە قسە بکەین ئایا ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە عێراقدا- کە وڵاتێکی تەواو ناکارایە- چین؟**

- عێراق وڵاتێکی ناکارا بووەو ئێستاش ناکارایە، حکومەتی بەغداش بە شێوەیەکی کارا هەڵناسووڕێت. حکومەتێکە بە ڕاددەیەکی گەورە کەوتۆتە ژێر دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، کە فەرمان لە قاسم سولەیمانی وەردەگرێت، سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست عێراقدا شکستی هێناوە.

*** لە چاوپێکەوتنێکی پێشوودا عێراق بە وڵاتێکی پاشکۆی ئێران وەسف دەکەیت، ئایا ئەمە بۆ ئێستاش ڕاستە؟**

- عێراق دەستبەرداری سەروەری و سەربەخۆیی خۆی بووە.

*** کە ئەمە دۆخی ئەم وڵاتە بێت، دەبێت کورد چی بکات؟**

- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆخی خەڵکەکە باش بکات. دەبێت دەستوورێك پەسەند بکات و جێبەجێی بکات. دەبێت حکومەتێك پێکبهێنێت و دەست بەکار بکات. دەبێت کوردستانی عێراق ئابوورییەکەی خۆی هەمەجۆر بکات، کە ئێستا تەنیا پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت و دەبێت ئەوە بخاتەڕوو بۆ خەڵکی کوردستان کە دەتوانێت کاروباری کوردستان بەڕێوە ببات.

*** چۆن لە سەردانەکەی ئەم دواییە سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا دەڕوانیت؟**

- عێراق و کوردستان دوو دراوسێن. بوونی پەیوەندیی باشی دراوسێیەتی گرنگە بۆ سەقامگیری و بەرەوپێشچوون. کارێکی باشە کورد پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و ڕێگاکانی پێکەوەکارکردن.

*** ئەی چۆن لە خەونی سەربەخۆیی دەڕوانیت؟**

- نزیکەی لە سەدا ٩٣ی –خەڵکی کوردستان- دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. ئامانجی سەربەخۆیی دواخراوە و تێکنەشکاوە. بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کاتی دەوێت، پێویستە کوردستان وەك دەوڵەتێکی کارا هەڵسووڕێت.

*** لە پەیوەندی بە هەڵوێستی ئەمریکاوە، ئایا ئەمریکا دەیتوانی، یان دەبوو چ شتێکی جیاواز ئەنجام بدات؟**

- دەبوو ئەمریکا پشتیوانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردستانی عێراقی بکردایە، نەك بە سیاسەتی نادیموکراتیی عێراقی یەکپارچەوە پابەند بێت.

*** ئەی کوردستان دەتوانێت چی بکات؟**

- کوردستان دەتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی بەهێزتر و پشت بەخۆی ببەستێت لە ڕێی جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەکەیەوە. پێویستە دەستووری داهاتوو هاوسەنگیی هێز و پاراستنێکی بەهێزی مافە تاکەکەسییەکان لەخۆ بگرێت. هەروەها دەبێت دەستوورەکە پەرە بە مافی کەمینەکانی وەك مەسیحی و ئێزیدی بدات و بیانپارێزێت، بە هەمان شێوە مافی ئافرەتانیش.

*** بەڵام ئایا کوردستان دەتوانێت پێشبینی بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بکات، ئەگەر هاتو ئەم هەنگاوانەی هەڵگرت؟**

- پێموایە ئەم پشتیوانییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدی بێت. ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرفەتیان لەدەستدا بۆ بەرەوپێشبردنی سەربەخۆیی کوردستان. ڕێگای سەربەخۆیی دوورو درێژە و کاتی دەوێت. خەڵکی کوردستان شایستەی بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتین.

*** ئەی بۆ تۆکمەکردنی بەرەی ناوخۆیی، کوردستان دەتوانێت چی بکات؟**

- پێویستە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندی شەخسی، یان حزبییەوە، هەمیشە ناتەبایی خاڵی لاوازی کوردستان بووە. لەم ماوەیەدا دەبێت کورد پێکەوە کاربکات و پەرە بە دیدگایەکی

هاوبەش بۆ ئایندە بدات و هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

*** ئێستا کوردستان لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێدایە، تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەگەرەکانی پێکهێنانی ئەم حکومەتە چین؟**

- هەمیشە دابەشکردنی دەسەڵات ڕێگایەك بووە بۆ بەرەوپێشچوون. هیچ کاتێك بردنەوەی لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنێکی دیکە ڕێگایەکی سەرکەوتوو نەبووە. کوردستان پێویستی بەوە هەیە تەرکیز لەسەر تەبایی و پێکەوەکارکردن بکاتەوە.

*** ئەی چۆن لە ئەگەرەکانی پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە دەوڵەتە دراوسێکانەوە دەڕوانیت؟**

- بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکان دەتوانن ببنە پردێك بۆ باشترکردنی هاوکاری لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە. کوردستان پێویستی بەوە هەیە ئەوە بۆ دراوسێکانی بخاتەڕوو کە ئامادەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاریکاریئامێز کار لە کەرتی بازرگانیدا بکات و بۆ ماوەیەك پرسە سیاسییەکان بخاتەلاوە.

*** ئەی لەم بارەیەوە چۆن لە ئەزموونی کوردستان لەگەڵ تورکیا دەڕوانیت؟**

- تورکیا خۆسەپێنەرێکی گەورەیە. تەنیا بە پاڵنەری خۆپەرستی هەڵسوکەوت دەکات و بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی کوردستان نادات. دەبێت کوردستان نیگەران بێت لەبارەی دۆستە ساختەکانەوە.

*** بەڵام ئەگەر ئەمریکا دەستەبەرداری کورد بێت و تورکیاش دۆستێکی ساختە بێت، دەبێت کورد چی بکات؟**

- کورد لاوازترین بەشە لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە کوردستان ناخوازێت دوچاری ناکۆکی، یان شەڕ ببێتەوە لەگەڵ دراوسێکانیدا. پێویستە کوردستان تەرکیز لەسەر ئابووری و بازرگانی بکات، و گفتوگۆی پەیوەست بە مافی -دیموکراتییانەی- بڕیاردانی چارەنووسەوە هەڵگرێت بۆ ئەو کاتەی کوردستان لە پێگەیەکی بەهێزدا دەبێت، یان تا ئەو کاتەی حکومەتێکی نوێ لە ئەمریکا دەسەڵات دەگرێتەدەست کە بە تەواوەتی ڕۆڵی گرنگی کورد بنرخێنێت.

*** بەڵام ئایا کورد دەتوانێت هیچ ئومێدێك لەسەر ئەمریکا هەڵبچنێت؟**

- بە درێژایی مێژوو ئەمریکا ناپاکی لە کورد کردووە. لە ساڵی ١٩٢٣دا پشتیوانی لە ڕێککەوتنی لۆزان کرد، لە ساڵی ١٩٧٥دا پشتگیری ڕێککەوتنی جەزائیری کرد. لە ساڵی ١٩٩١دا هانی کوردی دا بۆ ڕاپەڕین. بەم دواییەش لە کەرکووکدا کارێکی نەکرد بۆ بەرگرتن لە دەستێوەردانی ئێران، ئەمەش نموونەیەکی دیکەی ناپاکیی ئەمریکایە لە کورد. ئایا دەتوانین پێشبینی ئایندەیەکی باشتر بکەین؟ من نازانم، بەڵام دەتوانین ئومێدی هاتنەئارای پەیوەندی باشتر و پشتیوانییەکی گەورەتر بکەین. ئەگەر مێژوو شتێکمان پێ بڵێت، ئەوا دەتوانین بڵێین کورد پاساوێکی گەورەی نییە بۆ ئێوەی ئومێدەوار بێت لەم ڕووەوە.

*** ئەگەر بێینە سەر سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران، ئایا بۆچوونت چییە لەبەرامبەر ئەوەی ئەمریکا پێی دەڵێت هەڵمەتی توندی سزاکان لە دژی ئێران؟**

- من باوەڕم وانییە ئەمە هەڵمەتێکی توند بێت. ئەگەر هەڵمەتێکی توند بوایە، ئەوا ڕێگە بە ئێران نەدەدرا بۆ ماوەی ٦ مانگ نەوت بە ٨ وڵات بفرۆشێت. کەواتە ئەمانە قسەی بەتاڵن لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە. هەروەها پێویستە کوشتنی ئەم دواییەی جەمال خاشوقچی ببێتەهۆی ئەوەی ئەمریکا هاوسەنگی بگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی. چونکە پشتبەستن بە سعودیە هەڵەیەکی ستراتیژییە. پشتیوانیی تەواوی ئیدارەی ئەمریکا لە عەرەبستانی سعودیە، نیگەرانیی جددی دەورووژێنێت لەبارەی پابەندبوونی ئەمریکا بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییەوە.

*** ئەی پێتوایە کاردانەوەی ئێران لەم ڕووەوە چی دەبێت؟**

- کاردانەوەی ئێران لەبەرامبەر فشاردان بەرهەڵستیکردنە. بە چەشنی هێلکەیەك وایە تاوەکو زیاتر بکوڵێت، ڕەقتر دەبێت. من پێشبینیی ئەوە ناکەم کە بەهۆی ئەوەی ترەمپ پێی دەڵێت: «هەڵمەتی توند»، لە ئێراندا چاکسازییەکی گەورە دروست بێت.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئێران براوەیە و دەتوانێت پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بدات؟**

- ئێران براوەیە. ئەوەتا کۆنترۆڵی بەغدا و دیمەشق و بەیروت و سەنعای کردووە. ئەمەش هیلالی شیعەیە. تارانیش خۆشحاڵە بە ستراتیژیەتەکەی لە ناوچەکەدا.

*** لە کۆتاییدا چ ئومێدێکت بۆ ئایندە هەیە؟**

- ئومێدی من ئەوەیە خەڵکی کوردستان لە ئاشتیدا بژین و خۆشگوزەرانی بەدەست بهێنن و هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکەیاندا کە سەربەخۆییە.

**پێویستە ئەمریکا کار لەسەر پەرەپێدانی دیموکراسی و ئابووری و یەکسانیی جێندەری بکات بۆ ئەوەی زۆنگاوی پشتیوانیکردن لە داعش وشک بکات**

**عێراق وڵاتێکی ناکارا بووەو ئێستاش ناکارایە، حکومەتی بەغداش بە شێوەیەکی کارا هەڵناسووڕێت. حکومەتێکە بە ڕادەیەکی گەورە کەوتۆتە ژێر دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، کە فەرمان لە قاسم سولەیمانی وەردەگرێت**

**دەبوو ئەمریکا پشتیوانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردستانی عێراقی بکردایە، نەک بە سیاسەتی نادیموکراتیی عێراقی یەکپارچەوە پابەند بێت**

**عێراق و کوردستان دوو دراوسێن. بوونی پەیوەندیی باشی دراوسێیەتی گرنگە بۆ سەقامگیری و بەرەوپێشچوون. کارێکی باشە کورد پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و ڕێگاکانی پێکەوەکارکردن**

# ئایا بارزانی دەستبەرداری ریفراندۆم بووە؟

دوای ئەوەی بارزانی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشکرد، بێژەرێك لە یەكێك لە كەناڵەكانی عەرەبی پرسیاری لێکردم: بۆچی بارزانی دیار نییە؟ ئایا لە رووی سیاسییەوە کۆتایی هاتووە؟ منیش پێیم گوت: ئەو پیاوە بزر نەبووە، بەڵکو دەیەوێ پشوو بدات، دوای ئەوەی گەورەترین دەستکەوتی هێنایەدی لەوەتەی سەد ساڵە لە مێژووی گەلی کوردستان ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو، سەرباری ئەو هەموو تەحەددییە گەورانەو ئەو ئاستەنگە ناهەموارانە، ئەو جارێکی دیکە بەهێزتر لە جاران دەگەڕێتەوە. بەڵێ ئەوەی گوتم، هاتەدی، دوای ئەوەی کە پارتەکەی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەو هەموو ساختەکاری و ستەمەی دەرحەق دەنگەکانی چەند ناوچەیەکی کوردستان کرا، بەڵێ لەسەر ئاستی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ٢٠١٨ی پەرلەمان یەکەم بوو، لە هەمان کاتدا لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەی پەرلەمانی کوردستانیش هەر یەکەم بوو، کە توانی ٤٥ کورسیی پەرلەمانی بهێنێت، لێرەوە لاوازیی شرۆڤەکانی هەندێ قین لەدڵ بەدەرکەوت، کاتێ دەیانگوت: بارزانی لە رووی سیاسییەوە کۆتایی هاتووە.

سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بەغدا پشتشکێن بوو بۆ ئەو سیاسەتوانانەی کە شەو و رۆژ بۆ شێواندنی وێنەو لاوازکردنی پێگەی بەرێزیان کاریان دەکرد، زیاتر لە چوار ساڵ حزبە کوردستانییە ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەتیش پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان جگە لە هەندێکیان، خۆیان وەك نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستان پیشاندەدا، گوایە بارزانی رقی لە بەغدایە و نایەوێت دیالۆگ لەگەڵ بەغدادا بکات، بەڵکو دەیەوێت یەکێتیی نیشتمانیی وڵات لێکبترازێنێت، بۆیە دژی ریفراندۆمی میللی وەستانەوە، زیاتر لە کەسانی دیکە داوای یەکێتیی عێراقیان دەکرد، ئەمانە هەمووی تەنیا بۆ ئەوەی قەناعەت بە بەغدا بهێنن کە بارزانی لە دەرەوەی گەمە سیاسییەکەیەو هیچ جێگەیەکی لە عێراقی یەکگرتوودا نییە، ئەوان دەیانەویست دوو ئامانج بێننەدی، یەکەمیان دەستکەوتی حزبی و شەخسی، دووەمیان پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی رۆڵی سیاسیی بارزانی، هەتا هەندێکیان دەیانگوت: بارزانی ئەو قورساییە سیاسییەی نەماوە کە پێش ریفراندۆم هەیبوو، بۆیە بۆ یەکەم جار بەغدا بوو بە حەجێکی سیاسیی حزبە نایارەکان، تەنانەت بۆ هەندێ لەوانەی لە حکومەتیشدا بوون، ئەوان پێشوازییان لە هەندێ سەرکردەی بەغدا دەکرد، تەنیا بۆ ئیستیفزازکردنی هەولێر و گۆڕینی سلێمانی بۆ قیبلەیەکی سیاسی تا شوێنی هەولێر بگرێتەوە، بۆیە لە میدیای عەرەبیدا دەستیانکرد بە هەڵمەتێکی نارەوا دژ بە هەولێر و چەندین تۆمەتیان خستەپاڵ، دواترینیان کە گوایە سەرچاوەی تیرۆرە، لەمیانی ئەزموونی خۆم لە میدیای عەرەبیدا، ئەوەی پێوەی نیگەران بووم لە هەندێ پەرلەمانتاری نایار (ئۆپۆزسیۆن)ی کوردستان زیاتر لە پەرلەمانتارانی دیکە، ئەوان هەر خەریکی شێواندنی وێنەی هەولێر و پارتی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتیی بارزانی بوون، هەمیشە پێم دەگوتن، با لە میدیای عەرەبیدا

**سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ بەغدا پشتشکێن بوو بۆ ئەو سیاسەتوانانەی کە شەو و رۆژ بۆ شێواندنی وێنەو لاوازکردنی پێگەی بەرێزیان کاریان دەکرد**



## د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

باسی کێشەکانی کوردستان نەکەین، ئەو کێشانە نەگوازینەوە بەغدا، چیتان هەیە بیڵێن، رەخنە بگرن، بەڵام نەك لە میدیای عەرەبی، بەڵام بێ سوود بوو، مەرامی ئەوان دیار بوو، کە لەکەدارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە رابەرایەتیی سەرۆك، هەروەها وا خۆیان بناسێنن کە ئەلتەرناتیڤی داهاتوون، ئەوە هەمووی بۆ ئەوە بوو کە بەغدا خوێندنەوەیەکی دیکە بکاتەوە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەولێردا، با راستییەك بۆ خواو مێژوو بڵێم: سەرکردەکانی بەغدا متمانەیان پێ نەدەکردن، بەڵکو چاوەڕوانی گەڕانەوەی پەیوەندییەکانیان دەکرد لە نێوان بارزانی و هەندێ لە سەرکردەکانی بەغدا، بەتایبەتیش لەنێوان مالیکی و بارزانی، شەرەفێکی گەورەش بوو بۆ من کە یەکێك بووم لەوانەی هەوڵی زۆریان دا بۆ چاککردنەوەی ئەو پەیوەندییە، بە قەناعەتی رەهای خۆم و بەو ئەزموونەی لە بەغدا هەمبوو، کە تاکە چارەسەری چاککردنەوەی پەیوەندیی نێوان بەغداو هەولێر بریتییە لە چاککردنەوەی پەیوەندیی نێوان گەورە سەرکردەکان، ئەوانەی قورسایی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییان هەیە، کاتێکیش ئەمە لەنێوانیان دێتە ئاراوە، ئەوکات کاریگەریی سەرکردە بچووکەکان یان لەوان کەمتر لە رووی سیاسییەوە بەسەر گۆڕینی رێڕەوەکەوە نامێنێت.

زۆر قسەی زیاد گوترا دەربارەی سەردانەکەی ئەم دواییەی بارزانی بۆ بەغدا، دەبینین شرۆڤەگەلێکی زۆر هاتنەئاراوە، لە هەموویان بەهێزتر لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کوردستان گوایە بارزانی سەردانی بەغدای کرد، چونکە دەستبەرداری ریفراندۆم بووە، لە راستیدا وا نییە، لەبەر چەند هۆیەك: بارزانی ریفراندۆمی بۆ ئەوە نەکرد، تاکو راستەوخۆ دوای ئەوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی رابگەیەنێت، بەڵکو تاکو گەل ئازاد بێت لە گوزارشتکردن لە راو ئیرادەو ئارەزووی خۆی وەك هەموو گەلانی جیهان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەمە یەکیان، دووەمیان: ریفراندۆم دەستوورییە و بەشێکە لە ئازادیی رادەربڕین کە لە دەستووری عێراقدا هاتووە، سێیەم: ئەم ریفراندۆمە لە دەسەڵاتی بارزانی-دا نییە هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵکو مافی گەلە، ئەم مافە بەدەست گەلە، کە بارزانی تاکێکی ئەو گەلەیە، نامەوێت وتارەکەم درێژ بکەمەوە دەربارەی ریفراندۆم، چونکە زۆر وتارم لەسەر نووسیوە، بارزانی سەردانی بەغدای کرد تا پێیان بڵێت: برایان هەڵەگەلێکی زۆر لە پرۆسەی سیاسی روویاندا، زۆرجار ئاگادارم کردنەوە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتین، ئەمرۆش هاتووم چونکە هەست دەکەم دەرفەت هەیە بۆ راستکردنەوەی رێڕەوی پرۆسەی سیاسی، ئێمە هەموومان لە یەك کەشتیداین، دەبێ پێکەوە کاربکەین تاکو بگەینە کەناری ئارام، ئەگەرنا کەشتییەکەمان نقوم دەبێت، بەتایبەتیش گۆڕانکاریگەلێکی تازەی سیاسی و جیۆسیاسیی لەناکاو و تەحەددیی ناوخۆ و دەرەکی لەگۆڕێیە، لێگەڕێن با چاکی بکەینەوە، باشترینیشیان پشتیوانیکردنە لە حکومەتەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، ئەو خەباتگێڕێکی دێرینە و دەتوانێت لەم چوار ساڵەدا وڵات بەرەو رێگەی راست بەرێت، بە مەرجێك هەموومان پشتگیری بکەین، بۆیە ئەم سەردانە

**پازدە ساڵە گەندەڵکاران کۆنترۆڵی بڕیارو سامانی ئەم وڵاتەیان کردووە، مافی گەلیشە دژی ئەو گەندەڵکارانە راپەڕێت، عێراق راپەڕینێکی سەرتاسەری بەخۆیەوە دەبینێت ئەگەر هەر ئەو گەندەڵکارانە وڵات بەڕێوەبەرن، چارەنووسی وڵاتیش بەرەوە نادیار دەچێت**

مێژوویی و سەرکەوتووە، چونکە لاپەڕەیەکی تازەی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر کردەوە، هەموو سەرکردەکانی بەغدا خۆشحاڵییان بەم سەردانە دەربڕی، چۆن نا، کە ئەو ئەندازیارو دامەزرێنەری پرۆسەی سیاسییە، هەروەك بەڕێز سەرۆك وەزیران عادل عەبدولمەهدی گوتی، چونکە لەوەتەی زیاتر لە چوار ساڵە سیاسەتوان و پەرلەمانتارە نەیارەکان و هەندێ لەوانەی لەناو حکومەتی کوردستاندا بوون، شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد تا ببنە جێگرەوەی شەرعیی بارزانی لە بەغدا، بەڵام بارزانی لە ماوەیەکی کەمدا توانی بۆ گەلی کوردستان و عێراقییەکان بیسەلمێنێت کە ئەو نوێنەری شەرعی و راستەقینەی گەلی کوردستانە، بۆیە لە بەغدا وەك پێشوازیکردن لە سەرکردەیەکی نەتەوەو سەرۆکێکی گەل و دۆستێکی ئازیزو خەباتگێڕێکی دێرین لە کاروانی خەبات و ئازادی پێشوازییان لێ کرد، بۆیە لێرەدا هەموو هەوڵەکانی ئەو حزبە نەیارانەی کوردستان شکستیان هێنا، هەوڵەکانیان لە دژایەتیکردنی بارزانی و لاوازکردنی پێگەی ئەو لە بەغدا پووچەڵ بووەوە، ئەوەش دەرکەوت کە پێشتر ئاماژەم پێکرد کە سەرکردەکانی بەغدا بڕوایان بەو حزبە نەیارانە نەکرد، لە دیدارو گفتوگۆکانم لەگەڵیاندا ئەمەم بۆ روون بووەوە، با ئەوە روون بێت کە بارزانی هەرگیز دەستبەرداری ریفراندۆم نەبووەو نابێت، چۆن دەستبەرداری دەبێت کە گەل ئەنجامی داوەو بە رۆژێکی مێژوویی داناوە، با بۆ هەموو لایەکیش ئاشکرا بێت کە کەس لە بەغدا باسی بابەتی ریفراندۆمی نەکرد، نەك لەبەر ئەوەی هەڵوەشاوەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کەس دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی نییە، ئەوەی گەل بڕیاری بدات، تەنیا خودی گەل هەڵیدەوەشێنێتەوە، تەنانەت هەموو تەرکیزیان کردە سەر بەدیهێنانی ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەو ئایین و تایفەکانیەوە.

رەنگە یەکێك بپرسێت: ئەم بایەخدان و کێبڕکێ لەسەر پۆستەکانی بەغدا بەتایبەتیش سەرۆکایەتیی کۆمار بۆچی، ئایا ئەمە ناکۆك نییە لەگەڵ خواستی ئەو کەسەی کە سەربەخۆیی گەرەکە؟ لە راستیدا ئەم پرسیارە زۆر لۆژیکییە، وەڵامەکەشی ئاسانە، کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لاواز بێت، کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر ئاڵۆزتر دەبن، کاتێکیش بەهێز دەبێت، چارەسەریان ئاسانتر دەبێت، کاتێ سەرۆکایەتیی کۆمارمان دایە یەکێتیی نیشمانی، بەتایبەتیش لەسەردەمی فوئاد مەعسوم، دەرکمان بەوە کرد کە ئەم بڕیارە چەند قورس و گەورە بوو، ئەو پیاوە لە ناخۆشترین بارودۆخدا جووڵەی نەکرد، بەتایبەتیش لەهەمبەر ئەو بڕیارە ستەمکارانەی بەغدا دەرحەق بە کوردستان کە دوای ریفراندۆم دەریکردن، تەنانەت بێدەنگ بوو و ریفراندۆمیشی رەتکردەوە، بۆیە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر بمانەوێت یارمەتیی گەلی کوردستان بدەین و لەو قەیرانە سەختە رزگاری بکەین، ئەوا پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بێت، تاکو بەشداربێت لە دارشتن و دەرکردنی بڕیار، بۆیە بارزانی، فوئاد حوسێنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار کاندید کرد، ئەمەش مافی خۆمان و شایستەی هەڵبژاردنمانە، لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێککەوتین کە بەرهەم ساڵح لە سەرۆکایەتی بکشێتەوە، بەڵام لە دواچرکەدا رێککەوتنەکەیان، هەروەك پیشەیانە، پێشێل کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە بەرهەم ساڵح نەکرد، کاتێکیش بارزانی سەردانی بەغدای کرد، لە نەخشەی کاریدا نەبوو بەرهەم ببینێت، بۆیە سەفەری کرد، تا ئیحراج نەبێت، کەسیش وا بیرنەکاتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان شکستی هێناوە لەبەر ئەوەی کاندیدکراوەکەی سەرنەکەوت، چونکە حزب بە پێوەری سەرکەوتن، یان شکست ناڕوانێتە پۆستەکان، بۆ گەلی کوردستانیش روون بووەوە کە پیاوێکی وەك بەرهەم ساڵح لە رووی سیاسییەوە شکستی هێنا، لە یەکێتیی چووە دەرەوەو حزبێکی دروستکرد، دواتر لە هەڵبژاردنەکاندا شکستێکی گەورەی خوارد، پێیوابوو چەندین کورسی دێنێت تا ببێتە سەرۆك کۆمار، دواتر وازی لە حزب و لایەنگرانی هێناو گەڕایەوە نێو حزبە کۆنەکەی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك کۆمار، لە هەمان کاتدا دەرکەوت کە حزبە کوردییەکان، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ململانێ لەپێناو پۆستەکاندا دەکەن، نەك لەبەر بەرژەوەندیی گەلی کوردستان، بەڵێ رەنگە هەندێ لە بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان تێوەگلابن لە گەندەڵی و پەرۆشیی پۆستەکان، بەڵام من لێرەدا باسی فەلسەفەی پارتی دەکەم لە بەغدا، ئەم فەلسەفەیە لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گەلی کوردستان لە خەبات و ململانێدایە.

زیاتر لە چوار ساڵە سیاسەتوان و پەرلەمانتارە نەیارەکان و هەندێ لەوانەی لەناو حکومەتی کوردستاندا بوون، شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد تا ببنە جێگرەوەی شەرعیی بارزانی لە بەغدا، بەڵام بارزانی لە ماوەیەکی کەمدا توانی بۆ گەلی کوردستان و عێراقییەکان بیسەلمێنێت کە ئەو نوێنەری شەرعی و راستەقینەی گەلی کوردستانە

لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێککەوتین کە بەرهەم ساڵح لە سەرۆکایەتی بکشێتەوە، بەڵام لە دواچرکەدا رێککەوتنەکەیان، هەروەک پیشەیانە، پێشێل کرد

پیاوێکی وەک بەرهەم ساڵح لە رووی سیاسییەوە شکستی هێنا، لە یەکێتیی چووە دەرەوەو حزبێکی دروستکرد، دواتر لە هەڵبژاردنەکاندا شکستێکی گەورەی خوارد، پێیوابوو چەندین کورسی دێنێت تا ببێتە سەرۆک کۆمار، دواتر وازی لە حزب و لایەنگرانی هێناو گەڕایەوە نێو حزبە کۆنەکەی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆمار

سەردانەکەی ئەم دواییەی بارزانی بۆ قسەکردن نەبوو لەسەر پۆستەکان، هەرچەندە بە دیدی من ئاساییە، چونکە پۆستەکان ڕێگەن بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکان، ئەم سەردانە بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیار بوو بەوەی کە پرۆسەی سیاسی پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە، نرخی پۆست چییە ئەگەر پرۆسەی سیاسی لار بوو، قسەکردنەکە پێویستە تایبەت بێت بە پرۆسەی سیاسی و گفتوگۆی بنیادنەرانەو پێکەوەژیانی برایانەو بنیادنانی دامەزراوەکان و دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و کەمایەتییەکان.

دواتر باس لە پۆستەکان دەکرێت بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکان، بۆیە باسی پۆستەکانمان کرد، تا داخوازییەکانی گەلی کوردستان بێنینەدی، کەسانی دیکە جگە لە ئێمە ناتوانن، بەڵکو ئەوان بەرژەوەندییەکانی حزبی و شەخسی دێننەدی.

سەبارەت بە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، پێموایە کە بەڕێزیان پیاوێکی گونجاوە بۆ ئەم قۆناخە کە ئەم کابینەیە بەڕێوەببات، چونکە شارەزایی سیاسی و ئەزموونێکی دوورودرێژی هەیەو پەیوەندیی باشیشی هەیە لە ناوەوو دەرەوەدا و لە واقیعی دۆخی سیاسیی عێراق دەگات، ئاگاداری بارودۆخی کوردستانیشە، تا ئەو دەمەی کە ئەم وتارەم نووسیوە کابینەکەی پێکنەهێناوەو هەشت وەزارەت بە بۆشی ماونەتەوە، هەرچەندە کابینەکەی بۆ چواردە وەزیر متمانەی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، کابینەکە نیسابی یاسایی تێپەڕاند، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەوڵی چەپەڵ لەلایەن چەند پەرلەمانتارێک هەیە، بۆ سەندنەوەی متمانە لە چەند وەزیرێک بە تۆمەتی گەندەڵی و تیرۆر، بۆیە کابینەکەی عەبدوالمەهدی کەموکورتی دەبێت، ئەویش بەهۆی ناکۆکیی قووڵی نێوان کوتلە سیاسییەکان دەربارەی ئەو وەزارەتانەی کە ماون، بەتایبەتیش ناوخۆو بەرگری، یەکەمیان پشکی شیعەیە، کوتلەی سائرون بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر (فالح فەیاز) ڕەتدەکاتەوە وەك کاندیدی کوتلەی بینا بۆ وەزارەتی ناوخۆ، چونکە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبییە، چۆن دەکرێ ناوخۆ بدرێتە یەکێك کە سەرۆکی حەشدی شەعبی بێت، بە کورتی لە پرۆژەی سەدردا ئەوەیە کە حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە، بەڵام پۆستی بەرگری لە پشکی سوننەیە، ناکۆکیی سوننەش دیارە لە شتی گەورەو بچووکدا، ئەو پۆستە زۆر دواکەوت و یەکلاییش نەبۆوە، لەبەر سەفقەیەکی بازرگانی بۆ پۆستی وەزیری بەرگری هەیە، بەوەی کە کێ زیاتر دەدات، هەندێ زانیاری دزەیان کردووە کە نرخەکەی گەیشتۆتە پەنجا ملیۆن دۆلار، زۆربەی ئەو گرێبەستانەش لە دەرەوەی وڵات دەکرێن بە تایبەتیش لە ئوردن و لوبنان، بۆیە مەسەلەی کڕین و فرۆشتنی پۆستەکان لە عێراق گەورەترین ئابڕووچوونە لە جیهاندا، ئەگەر ئەم ناکۆکییە سیاسییە قووڵانە دەربارەی ئەو وەزارەتانەی ماون هەر وا بەردەوام بن، ئەوا دەست لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بشۆ، ئەو پیاوەش بە وەرگرتنی هەڵوێستی خێرا ناسراوە، نامەی دەست لەکار کێشانەوەکەی بەردەوام لە گیرفانیدایە، لێرەوە گرنگیی سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا بەدیاریکراوی لەم کاتەدا دەردەکەوێت، چونکە بەڕێزیان پێیانوایە کە ئەمە دوا دەرفەتە بۆ عێراق تاکو لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە هەستێتەوە سەر پێی خۆی، لە بواری دیپلۆماسیشەوە باشتر بێت، هاوکات بڕیاری کۆتاییش بدات سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە دۆسیێ ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێر، بۆیە پشتیوانیی تەواوی بۆ حکومەتەکەی عەبدولمەهدی دووپات کردەوە، چونکە پشتگیریی نەکردنی لەم قۆناخە ناسکەی مێژووی عێراق کابینەکەی ئەو شکست پێ دێنێت، گەندەڵکارانیش خۆیان مەڵاس داوە تاکو بکەوێت و شکست بهێنێت، چونکە نایانەوێت حکومەت خزمەتی هاووڵاتیان بکات، بەڵکو لە خزمەتی گەندەڵکاراندا بێت، ئەوا پازدە ساڵە گەندەڵکاران کۆنترۆڵی بڕیارو سامانی ئەم وڵاتەیان کردووە، مافی گەلیشە دژی ئەو گەندەڵکارانە ڕاپەڕێت، من لەو قەناعەتەشدام کە عێراق ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بەخۆیەوە دەبینێت ئەگەر هەر ئەو گەندەڵکارانە وڵات بەڕێوەبەرن، چارەنووسی وڵاتیش بەرەوە نادیار دەچێت، دەوڵەتیش هەرەس دێنێت. ئەوکاتە کەس نەڵێت کە کورد هۆکاری ئەو ڕاپەڕین و پاشاگەردانییەیە، ئەوەی لە بەسرە ڕوویدا، زۆر دوور نییە، کاتێ گەندەڵکار و تایفەگەرو ئایدیۆلۆجیخوازانی ئایینی دەست بەسەر بڕیارەکان و سامانی ئەو وڵاتەدا بگرن، ئەوا گەلی کوردستان ئامادە نابیت لەگەڵ ئەم جۆرە دەوڵەتە بژییێت، لێرەوە گرنگیی ریفراندۆم وەك قۆناخێکی بنەڕەتیی سەرەکی بەرەو سەربەخۆیی دێتەپێشەوە، ئەگەر سیاسەتوانانی پێکناکۆك نەتوانن ئەم وڵاتە لە مەترسییەکانی دادێ ڕزگار بکەن.

**پۆستی وەزیری ناوخۆ پشکی شیعەیە و کوتلەی سائرون بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر (فالح فەیاز) ڕەتدەکاتەوە، وەک کاندیدی کوتلەی بینا بۆ وەزارەتی ناوخۆ، چونکە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبییە، چۆن دەکرێ ناوخۆ بدرێتە یەکێک کە سەرۆکی حەشدی شەعبی بێت؟**

**گرنگیی ریفراندۆم وەک قۆناخێکی بنەڕەتیی سەرەکی بەرەو سەربەخۆیی دێتە پێشەوە، ئەگەر سیاسەتوانانی پێکناکۆک نەتوانن ئەم وڵاتە لە مەترسییەکانی دادێ ڕزگار بکەن**

**سەفقەیەکی بازرگانی بۆ پۆستی وەزیری بەرگری هەیە، بەوەی کە کێ زیاتر دەدات، هەندێ زانیاری دزەیان کردووە کە نرخەکەی گەیشتۆتە پەنجا ملیۆن دۆلار، زۆربەی ئەو گرێبەستانەش لە دەرەوەی وڵات دەکرێن بە تایبەتیش لە ئوردن و لوبنان، بۆیە مەسەلەی کڕین و فرۆشتنی پۆستەکان لە عێراق گەورەترین ئابڕووچوونە لە جیهاندا**



خالید چاوشلی

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەبێت داڕشتنی دەستووری کوردستان ئەولەوییەتی کاری خولی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بێت

■

## پەلەکردن لە دەرکردنی یاسای چاکسازیی کارگێڕیی بنەڕەتی ئەرکی سەرشانی کابینەی نوێیەم ئاسان دەکات

**دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، دامەزراوەیەکە بێجگە لەوەی چاودێریی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لە هەمانکاتدا لە بواری چاکسازیی کارگێڕیی و دامەزراوەیی، پڕۆژە و پێشنیاری خۆی هەبووە و هەوڵیدا ڕۆڵی خۆی لە بواری چاکسازیی کارگێڕی و دامەزراوەیی بگێڕێت، هەر بۆیە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەردەوام پڕۆژە و پێشنیاری گرنگی خستۆتەڕوو، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پڕۆژە چاکسازییە کارگێڕییە بنەڕەتییەی کە وا بڕیارە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ خالید هادی چاوشلی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ئێوە ساڵانێکی زۆرە خەریکی ئەوەن کە سەرلەنوێ حکومەتێکی چالاك لە کوردستان بوونی هەبێت و داهاتی گشتی بەفیڕۆ نەدرێت، ئایا دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەیەك بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن؟ ئایا ئەم کابینەیەی حکومەت چۆن دەتوانێت چالاك بێت و لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بێت؟**

- پێشەکی هیوادارم گۆڤارەکەتان هەموو ئەو راوبۆچوونانە بڵاوبکاتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان بکات. من وەکو سەرۆکی دەزگایەکی پیشەیی لە بواری چاودێریی دارایی وەکو پسپۆڕێکی کارگێڕی و پاڵپشت بە ساڵانی خزمەتی مامۆستایەتیم لە زانکۆ، دەتوانم بڵێم کە ئەرکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی قورسە و تەنیا بە هیواخواستن و تەوافوقی سیاسی ئامانجەکانی ناپێکێت. بۆیە پێم باشە کە خوێندنەوەیەکی خێرا بکەین بۆ واقیعی سیاسی و کارگێڕی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، تاوەکو بتوانین بڵێین کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر پێکبێت لە کۆمەڵێك بەرپرس و وەزیر و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتیی پسپۆڕ و دڵسۆز، بە راوبۆچوونی ئێمە ئامانجەکانی وە دەست بخات، بە بێ رەچاوکردنی ئەم واقیع حاڵە کە دەتوانین سیمایەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە روون بکەینەوە و بیخەینە بەردەست سەرکردە بەڕێزەکانمان، بۆ ئەوەی دەرفەت و کاتی زیاتر نەچێت لە پێشکەوتن و چارەنووسی هەرێمەکەمان، کە بە دڵنیاییەوە ئەم کۆسپ و تەگەرانە پێویستیان بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەرز و بۆچوونێکی نوێ هەیە، تاوەکو بتوانێت لەسەر بنەمایەکی دامەزراوەیی و یاسایی کاربکات، لەم کاتەشدا دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەم کابینەیە بکەین، یان گوناهباری بکەین لە هەر کەموکورتییەك لە ئایندەدا. هەر بۆیە لێرەدا سیما نەرێنییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- دەستوور شێواز و فەلسەفەی حوکمڕانی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دیاری دەکات و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان و بنەمای دەرکردنی یاساکان لە دەستووردا دیاری دەکرێت، هەر بۆیە ئەگەر خولی ئەمجارەی پەرلەمان لەم ئەرکە واتە دەکردنی دەستوور سەرکەوتوو نەبێت، یان دەستوور نەکاتە ئەولەوییەتی کارەکانی، ئەوا نەبوونی دەستوور دەبێتە هۆکارێك بۆ ناهاوسەنگیی سیاسی و نارۆشنی و بەفیڕۆدانی کات لە چارەسەرکردنی دەرەنجامی ئەم بۆشاییە.

٢- هەبوونی هێزی چەکدار لە دەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوەی سیمای دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان و لاوازیی دەسەڵاتی یاسایی و کارگێڕی بەرپرسە حکوومییەکان و لاوازیی سیستەمی جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان پێشان دەدات. واتە هەر سێ دەسەڵاتەکە (تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری) ئەمەش یەکێکە لە لەمپەرەکانی پەرەپێدانی بیری حوکمڕانیی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣- پەیکەرو قەبارەو تێچوون و جۆری پێشکەشکرنی خزمەتگوزاریی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە کۆسپە سەرەکییەکانی سنووردانان بۆ توانای کابینەی نۆیەم. لەبەر ئەوەی بە راوبۆچوونی ئێمە ئەم قەبارەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی

**دەبێت گۆڕانکارییەکان تەعبیرێک بن لە فەلسەفەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم کابینەیە، نەک دروستکردنی پۆست و داتاشینی بۆ دامودەزگا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی دانوستاندنی تەوافوقی سیاسی**

ئامانجەكانی حكومەت بە توانستێكی بەرز لەبەر ئەم هۆكارە لاوەكییانەی خوارەوە:

أ- تێچوونی ئەم پەیكەرە ئیدارییە تێچوونێكی بەرزە لە رووی مووچە و پێداویستی و بەگەڕخستن (تشغيلي) رۆژانە. هەروەها مافی خانەنشینی ئاییندەیان بار قورسی لەسەر گەنجینەی هەرێم دروست دەكات.

ب- لە رووی پیشەییەوە هەبوونی دەزگای هاوشێوە و فەرمانبەری زیادە بۆتە هۆكارێكی بەریەككەوتنی دەسەڵاتەكان (تضارب الصلاحيات) لە نێوان دامودەزگاكان، هەندێك جاریش بۆشایی لە بەرپرسیاریەتی دروست كردووە، فەرمانبەرانیش بە تێپەڕینی كات ئاستی بەدیهێنانی ئەركی رۆژانەیان نزم دەبێتەوە و جۆرێك لە بێكاریی رۆپۆشراو (بطالة مقنعة) یان دروست كردووە، هەندێ جاریش بابەتی (مناوبة) و بابەتی هەموو رۆژ دەوامنەكردنی فەرمانبەر دەبێتە دیاردە.

ج- بە پێچەوانەی خاڵی سەرەوە هەبوونی پۆستی زیادە لە مەترسیی لەدەستدانی ئەم دەزگایە بۆ ئەم پۆستە رۆڵێكی نەرێنی بۆ ئەم پۆستە دروست دەكات، لە دەرەنجامیشدا دیاردەی رۆتین و كاتی پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكە و تێچوونەكەی بەرزدەكاتەوە. بۆیە پێویستە لەسەر سەرۆكایەتیی حكومەت لە رێگای وەزارەتی پلاندانان چاوپێداخشاندنەوەیەك لەسەر پەیكەرو میلاك و قەبارەی ئەم فەرمانگە و دامودەزگایانە بكات. بۆ نموونە بە بەراوردكردنی قەبارەی ئێستای حكومەتی هەرێم پێش ساڵی (٢٠٠٣) بە رەچاوكردنی گەشەسەندنی سرووشتی (نمو الطبيعي) جیهازی پەیكەری كارگێڕی بە گوێرەی زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیانی هەرێم و گۆڕانكاری لە ژینگەی ئابووری و سیاسیی پێویست.

ء- بە باشی دەزانین كە حكومەتی هەرێم هەوڵ بدات بۆ كەمكردنەوەی قەبارەو تێچوونی پەیكەری ئیداری و ژمارەی كارمەندەكان لە رێگای كەمكردنەوەی دامودەزگاكان كە دەسەڵاتی ئیداری پەرت دەكەن، بۆ نموونە پێمان باشە كە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لەسەر بنەمای رۆڵی (تەنفیزی و ئیداری)یان بێت، نەك لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و سیاسی، بۆ نموونە ئەنجومەتی پارێزگا بریتی بێت لە پارێزگار وەكو سەرۆكی ئەنجومەن و سەرجەم سەرۆكەكانی یەكە كارگێڕییەكان وەكو بەڕێوەبەرانی شارەوانی و تەندروستی و پۆلیس و هاتوچۆ و كشتوكاڵ و...هتد، ببنە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بۆ ئەوەی تێچووی زێدەگی نەخرێتە سەر شانی حكومەت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەماهەنگییەكی زیاتر بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكان كە لەم ئەنجومەنەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت و بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی نزمتریش لە قەزاو ناحیەكان پەیڕەو بكرێت.

٤- بەهێزكردن و دەوڵەمەندكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەچاوپێداخشاندنەوە بە كۆمەڵێك یاساو رێنمایی و گرێبەست كە لە بەرژەوەندیی مافی گەنجینەی هەرێم نین، بەتایبەتیش چاوپێداخشاندنەوەیەك بە بڕگەكانی لێبووردنی گومرگی و باجی دەرامەت كە لە یاسای وەبەرهێنان هاتووەو سنووردارکردنیان بە مەرجی جۆری ئەو پڕۆژانە لە رووی ستراتیژیەوە و بۆ ماوەیەكی دیاریكراو. هەروەها گرێبەستەكانی بەشداریكردن و سپاردنی ئەرك بە كەرتی تایبەت بە شێوەیەك كە پێگەی حكومەتی هەرێمی لە رووی داهات و سەرپەرشتیكردن و. هتد، پارێزراو بێت لەم گرێبەستانە. وە كەمكردنەوەی ئەم جۆرە سپاردانانەو سنووردارکردنیان تەنیا بۆ ئەو كاتەی كە كەرتی تایبەت بە شێوەیەكی باشتر و تێچوونێكی كەمتر ئەنجام دەدات. هەروەها پێویستە لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان و لە رێگای دامودەزگاكانی وەزارەتی دارایی. پەرەپێدانی رێنمایی یاسایەكی سەردەمییانەی هەبێت كە بە شێوەیەكی عادیلانە و راستەقینانە باجی دەرامەتی وەربگیرێت، بەتایبەتیش كۆمپانیا گەورە و سەرەكییەكانی هەرێم.

*** حكومەتی هەرێمی كوردستان پڕۆژەیە یاسایەكی چاكسازی پێشكەشی پەرلەمان كرد، بۆ ئەوەی پەرلەمان بیكات بە یاسا و بە یاسا ئەو چاكسازییانە بكات، بەڵام لە خولی چوارەمدا ئەم پڕۆژە یاسایە تێنەپەڕێندرا، ئایا ئەگەر ئەو پڕۆژە یاسای چاكسازییە لەم خولە پەلەی تێدا بكرێت، تاچەند هاوكار دەبێت بۆ ئەوەی كابینەی نۆیەم حكومەتێكی چالاك بێت؟ هەروەها ئەو بوارانە چین كە پڕۆژە یاسای چاكسازی دەیانگرێتەوە و تاچەند خزمەتی هاوڵاتیان دەكات؟**

- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای چاكسازی كە دواخرا بۆ ئەم خولە نوێیەی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان، دەركردنی ئەم یاسایە دەبێتە هۆكارێكی ئەرێنی و رێگەخۆشكردنە بۆ دەرەنجامی چالاكییەكانی كابینەی نۆیەم. شان بە شانی خاڵەكانی باسكراو لە وەڵامی پرسیای یەكەمی بەڕێزتان. ئەگەر ئەم یاسایە كەوتە واری جێبەجێكردن وەكو پڕۆژەی سەرەكی و یەكەمی پێشكەشكراو لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ چەند هەمواركردنێكی پێویست دەبێتە هۆی ئەم دەرەنجامانە.

أ- چارەسەركردنی كێشەی خانەنشینیی نایاسایی لە هەرێمی كوردستان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ

**حكومەتی زۆرینە ژینگەیەكی كارگێڕیی چاكتر لە حكومەتی تەوافوقی دابین دەكات، بۆ دووبارە رێكخستن و چاككردنەوەی باری كارگێڕی و دارایی لە هەرێمی كوردستان**

**ئەركی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەركێكی قورسە و تەنیا بە هیواخواستن و تەوافوقی سیاسی ئامانجەكانی ناپێكێت**

**لە دەرەنجامی جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی پارەیەكی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە دەرەنجامی ئەمەش حكومەت توانای لابردنی سیستەمی پاشەكەوتی مووچەی دەبێت**

ئاریشەکان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و بەرچاوکردنی ڕاژەی فیعلی و بڕوانامە و ڕاژەی یاسایی زیادکراو.

ب- هەموارکردنی خانەنشینانی پلەتایبەتەکان بە شێوەیەك کە ڕەچاوی پۆست و ساڵانی خزمەتی ڕاستەقینە بکات بە هاوشێوەی یاسای خانەنشینیی عێراقی فیدراڵ.

ج- یەکخستنی مووچەو ئیمتیازاتی خانەنشینانی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان و. هتد. بەشێوەیەك کە ڕەچاوی سوودمەندیی خاوەن مافی یاسایی بکرێت، بەپێی مەرجی دیاریکراو لەم پڕۆژە یاسایە.

ء- خەرجکردنی دەرماڵە بۆ فەرمانبەرانی هەرێم بەپێی پسپۆڕی و بڕوانامە و ناونیشانی وەزیفی و ئەرکی ئەنجامدراو بەپێی میلاکی فیعلی.

بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی پارەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەنجامی ئەمەش حکومەت توانای لابردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی دەبێت. هەروەها گوژمەی پتری دەبێت بۆ بەگەڕخستنەوەی پڕۆژەکانی گەشەپێدان و پڕۆژە ستراتیژییەکانی دیکەی هەرێم و کاریگەری دەکاتە سەر جووڵانەوەی ڕەوڕەوەی ئابووری (الدوران الاقتصادي) بەتایبەتیش بۆ کەرتی تایبەت.

*** حوکمڕانی بریتییە لە هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان هەر سێ دەسەڵاتەکە (حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری) ئایا چۆن سەیری هاوسەنگی و هاریکاریی نێوان ئەم سێ دەسەڵاتە گرنگە دەکەیت؟ ئایا گەشبینی بەوەی لە کابینەی نۆیەمدا ئەم سێ دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و هاوسەنگ هاوکاریی یەکتری بکەن بۆ ئەوەی حکومڕانییەکی تەندروست لەکوردستان بێتەئاراوە؟**

- هەر وەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەم ئاماژەمان پێدا کە بنەماکانی پەیڕەوکردنی سیستەمی دامەزراوەیی لە هەر وڵاتێك پەیوەستە بە چەند مەرج و بنەمایەك لەوانەش کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، هەبوونی دەستوور و یەکێتیی سەرکردە سیاسییەکان، یان سەرچاوەی دەسەڵات، حکومەت بەهێز دەکات، ئەمەش بەبێ یەکخستنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان و بە دامەزراوەییکردنیان ئەنجام نادرێت. سەرەڕای ئەمەش لە ڕووی کارگێڕییەوە و پاڵپشت بە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو حکومەتی زۆرینە ژینگەیەکی کارگێڕیی چاکتر لە حکومەتی تەوافوقی دابین دەکات، بۆ دووبارە ڕێکخستن و چاککردنەوەی باری کارگێڕی و دارایی لە هەرێمی کوردستان.

*** ئێوە وەك دەستەی چاودێریی دارایی ئاگاداری وردەکاری و کەموکورتییەکانی حکومەتن و کاری باشیشتان لەسەر کردووە، ئایا تاچەند لە کابینەی نویەمدا دەستەی چاودێری چالاکانە هاوکاری حکومەت دەبێت بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بە ئەکتیڤی هەڵبسووڕێن؟**

- دیوانی چاودێریی دارایی لە ماوەی ڕابردوودا هەمیشە هەوڵی داوە کە ڕۆڵی تەنیا دەستنیشانکردنی سەرپێچی و هەڵەی دامودەزگاکان نەبێت، بەڵکو زیاتر هەوڵی داوە لە دابینکردنی پشتگیری هونەری و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن و پێشنیاری پێویست بۆ سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کە ئەمەش ئەرکێکی ئەخلاقییە سەرەڕای ئەوەی لە بڕگەی سێیەم و هەشتەمی ماددەی هەشتەم لە یاسای دیوان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) دا هاتووە.

*** پێشتر بەردەوام گلەیی ئەوە لە حکومەت دەکرا، کە حکومەت قەوارەی زۆر گەورەیە، وەك گوێبیست بووین لەم کابینەیەدا حکومەت تەرشیق دەکرێت، ئایا ئەم تەرشیقکردنە پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا، پەرلەمان دەتوانێت یاسایەکی تازە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەربکات؟**

- هەر بابەتێك بە یاسا دامەزرابێت، پێویستە بە یاسایەکی نوێ هەمواربکرێتەوە، یان بگۆڕدرێت. ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەش لە ڕۆڵ و قەبارەو پەیکەری حکومەت دیاردەیەکی تایبەت نییە تەنیا بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە گشت وڵاتانی جیهاندا ڕوو دەدات، بەڵام بایەخ و گرنگیی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دەبێت گۆڕانکارییەکان تەعبیرێك بن لە فەلسەفەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم کابینەیە، نەك دروستکردنی پۆست و داتاشینی بۆ دامودەزگا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانوستاندنی تەوافوقی سیاسی. لە کۆتاییدا ئەم ڕاوبۆچوونانەی کە لەم دیدارە ڕۆژنامەوانییەدا ئاماژەم پێکرد، ڕەنگە هەندێکیان کاتی هاتبێ بۆ پەیڕەوکردنیان لە هەرێمی کوردستان بە هۆی جیاوازیی ژینگەی سیاسی و فشاری جۆراوجۆر. بەڵام هیواداریـن ئیرادەی پێویست هەبێت بۆ بەفیڕۆنەدانی دەرفەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پێناو بەهێزکردن و گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و ئەزموونە پیرۆزەکەمان، کە پێموایە لە سەرووی هەموو خواستەکانە و پیرۆزترە لە لایەنە سیاسییە بەڕێزەکان و دەبێت بەرخوردانی بۆ ئەنجام بدرێت.

**پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی حکومەت لە ڕێگای وەزارەتی پلاندانان چاوپێداخشاندنەوەیەک لەسەر پەیکەرو میلاک و قەبارەی ئەم فەرمانگە و دامودەزگایانە بکات**

**هەبوونی هێزی چەکدار لە دەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوەی سیمای دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان و لاوازیی دەسەڵاتی یاسایی و کارگێڕی بەرپرسە حکوومییەکان و لاوازیی سیستەمی جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان پێشان دەدات**

**هەبوونی دەستوور و یەکێتیی سەرکردە سیاسییەکان، یان سەرچاوەی دەسەڵات، حکومەت بەهێز دەکات، ئەمەش بەبێ یەکخستنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان و بە دامەزراوەییکردنیان ئەنجام نادرێت**

# سەرۆك
# هاوكێشەیەكی نوێ بنیاددەنێت

ئەگەر چاوێك بە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەكەماندا بخشێنین، دەبینین هەمیشە سیاسەتە حەكیمەكانی و هەڵویستە نیشتمانی و نەگۆڕەكانی سەرۆكی هێژا (سەرۆك مسعود بارزانی) شایستەترین بووە، چونكە تاكە سەركردە بووە بە درێژایی مێژوو هەڵوێستە نیشتمانی، نەتەوایەتی و سیاسییەكانی جیهان و هەرێمەكانی ناچار كردووە بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بكەن، تەنانەت زۆرجار سەرۆك لەم پێناوەدا گەورەترین ململانێی ئەنجامداوە، بەڵام هەرگیز سازشی لە بەرامبەر داگیركەران نەكردووە.

لەم رۆژانەدا سەرۆك مسعود بارزانی سەردانێكی زۆر تایبەتمەندی بۆ بەغدا ئەنجامدا، هەر لەكاتی گەیشتندا سەرجەم سەركردە سیاسییەكانی عێراق سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان بە راخستنی فەرشی سوور، وەك سەرۆكی وڵاتێكی دراوسێ پێشوازییان لە سەرۆك بارزانی كرد، ئەم هەنگاوەش ئەگەر لە رووی ستراتیژییەوە شرۆڤەی بۆ بكەین، زۆر مانای گرنگی هەیە و شایستەی ئاماژە پێكردنە، چونكە گشت سەركردەكان تەنانەت ئەوانەی پێشتر دژایەتیی هەرێمی كوردستانیان دەكرد، ئەمرۆ دێنە پێشوازیی سەرۆك بارزانی و داوای دیدارو كۆبوونەوەی لێ دەكەن و، دەیانەوێت لاپەڕەیەكی نوێ لەگەڵ هەرێمی كوردستان هەڵبدەنەوە.

**ئەوانەی پێشتر دژایەتیی هەرێمی كوردستانیان دەكرد، ئەمرۆ دێنە پێشوازیی سەرۆك بارزانی و داوای دیدارو كۆبوونەوەی لێ دەكەن و، دەیانەوێت لاپەڕەیەكی نوێ لەگەڵ هەرێمی كوردستان هەڵبدەنەوە**

شرۆڤەكارانی سیاسی پێیانوایە سەردانی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بەغدا كاریگەریی باشی لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەكان و چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەولێر و بەغدا دەبێت، چونكە دەستەڵاتدارانی ئێستای بەغدا نایەنەوێت ئەزموونی شكتسخواردووی حەیدەر عەبادی و سەلیم جبوری دووبارە بكەنەوە، بەڵكو دەیانەوێت هەنگاوێ نوێ لە سیاسەتكردن بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان پەیڕەو بكەن، چونكە هەڵویستە نەگۆڕەكانی سەرۆك بارزانی و پێداگری لە سەر مافە نیشتمانی و نەتەوەییەكان ناچاری كردوون، ملكەچی داواكارییەكانی گەلی كوردستان بن.

## ● سەرۆك عەرشی بەغدای هەژاند

چاودێرانی سیاسی بە گرنگییەوە باس لە سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا دەكەن و، بە هەنگاوێكی كاریگەری نێو گۆڕەپانی سیاسیی عێراق وەسفی دەكەن. بە درێژایساڵانی رابردوو، واتە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە سێ سەركردەی كورد وەك سەرۆك كۆمار لە بەغدا باڵادەست بوون، بەڵام بەداخەوە نەك نەیانتوانیوە مافە بنچینەییەكان بۆ كورد مسۆگەر بكەن، بەڵكو زۆرجار رێگرییان لە جێبەجێكردنی مافەكانی گەلی كوردستان كردووە، ئەمەش بە روونی لە ماوەی رابردوودا هەستی پێكرا.

سەرۆكی هێژا سەرۆك مسعود بارزانی لە یەكەم ساتی گەیشتنی بۆ بەغدا لە دەستپێكی دیدارەكانیدا لەگەل گشت سیاسەتمەدارە عێراقییەكاندا پێداگری لەسەر مافە رەواكانی گەلی كوردستان كردەوە، سەرۆك بارزانی ئەوەی بۆ سەرجەم سەركردە عێراقییەكان سەلماند كە دەستبەرداری مافەكانی گەلی كورد نابێت، زۆر بە شێوەیەكی قارەمانانە لە بەرامبەر گشت سیاسییە عێراقییەكاندا لەكاتی ئەنجامدانی گۆنگرە رۆژنامەوانییەكەیدا هاتە ئاخاوتن و



## مەیادە محەمەد نەجار

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی بە هەموویان رایگەیاند کە پێویستە هەڵەکانی رابردوو راست بکرێنەوە. ئەگەر لە رووی لۆژیکی سیاسییەوە بدوێن، ئەم وتەیەی بەرپێزیان نامەیەکی کراوەیە بۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا کە پێویستە ئەو هەڵانەی دەرهەق بە هەرێمی کوردستانیان کردووە، چارەسەری بکەن. ئەم وتەیەی سەرۆك نامەیەکە بۆ گشت لایەك کە شیکردنەوەیەکی وردی دەوێت و سەرجەم سیاسەتمەدارانی عێراق ناچار دەکات، بە خریاندا بچنەوە. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم وتە بەنرخەی سەرۆك عەرشی بەغدای هەژاند.

**● دیدارە دیپلۆماسییەکان**

ئەوەی جێگەی تێرامانە و پێویستی بە شیکردنەوەیەکی ورد هەیە، ئەوەیە کە لەکاتی گەیشتنی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، لە لایەن هەریەك لە محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح پێشوازی لێکرا، وەك دەشزانرێت ئەم دوو سەرکردەیە لە ئێستادا رۆڵێکی کارایان لە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی عێراقدا هەیە و دوو کاراکتەری سەرەکین لە نەخشەی نوێ و گۆڕەپانی سیاسیدا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆك کاریگەری زۆری لەسەر ئاراستەی سیاسی لە عێراقدا هەیە، چونکە سەرجەم سیاسەتمەداران گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە سەرۆك مسعود بارزانی سەرکردەیەکی رۆحیی هەموو نەتەوەی کوردستانە و تەنیا مەرجەعی هەموو گەلی کوردەو تاکە سەرکردەی خاوەن خەباتە کە هەرگیز سازش لە مافی نەتەوەکەی ناکات، تەنانەت سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح هادی عامری لە دەستپێکی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا خۆشحاڵی خۆی بە پێشوازیکردنی لە خەباتکاری گەورە سەرۆك مسعود بارزانی پیشاندا، چونکە گشت سیاسەتمەداران دەزانن کە تەنیا سەرۆك بارزانی دەتوانێت پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا رابگرێت و تەنیا سەرکردەیە کە رۆحی گشت کوردستانە.

ئەوەی گرنگە سەرۆك بارزانی لە کەمترین کاتدا زۆرترین دیداری دیپلۆماسی ئەنجامدا کە هیچ کام لەسەرکردە کوردەکان و بەوانەی کە سەرۆك کۆماریش بوون، نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن، ئەوە بوو لە ماوەی یەك رۆژدا لەلایەن هەریەکە لە محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح و عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی حکومەتی نوێی عێراق و فالح فەیاز سەرکردە لە هاوپەیمانیی بنیادنان و نووری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق و سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا و چەند سەرکردەیەکی دیکەی عێراقی پێشوازی لێکرا، سەرۆکیش پێداگری لەسەر مافە سەرەکییەکانی گەلی کوردستان کردەوە. هەروەها لەچەند کاتژمێری دواتردا هەریەك لە عەمار حەکیم و موقتەدا سەدر پێشوازییان لە سەرۆك مسعود بارزانی کرد و دیداری لوتکەیان ئەنجام دا، ئەمەش دەبێتە قۆناغێکی نوێ لە ئایندەی سیاسیی کورد لە عێراقدا. بە بڕوای زۆربەی چاودێرانی سیاسی هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی وادەکات کە سەنگی کورد لە ئایندەی عێراقدا زۆر بەهێز بێت و کاریگەری زیاتریان لەسەر ئاراستەی سیاسی و ناوەندی بڕیار لە عێراقدا هەبێت.

**سێ سەرکردەی کورد وەک سەرۆک کۆمار لە بەغدا باڵادەست بوون، بەڵام بەداخەوە نەک نەیانتوانیوە مافە بنچینەییەکان بۆ کورد مسۆگەر بکەن، بەڵکو زۆرجار رێگرییان لە جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کوردستان کردووە**



ڤیان سەبری
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# لەو چوار وەزارەتەی لە بەغدا بەر کورد دەکەوێت، پارتی وەزارەتی سێیەمیش وەردەگرێت

**چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێویستی بە لیژنەی پسپۆڕ و دانوستاندن هەیە**

**دوای سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغداو ئەو پێشوازییە گەورەو گەرمەی لێی کرا، چاوەڕوان دەکرێت وتوێژەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، لێکتێگەیشتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت، بۆ پرسەکانی تایبەت بە پشکی کورد لە بودجەی گشتی عێراق و دۆسێکانی نەوت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پرسی پێشمەرگە و چەندین بواری دیکە؛ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ڤیان سەبری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا لەلایەن سەرکردەکانی شیعەی عێراقەوە بە پیرۆز و مێژوویی وەسف کرا، ئایا کاریگەریی ئەم سەردانە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چۆن دەبینیت؟**

- هەروەك سەرکردەکانی شیعە ئاماژەیان پێ دا، ئەو سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا جگە لەوەی سەردانێکی مێژوویی و پیرۆز بوو، کۆتایی بە بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق هێنا، بەتایبەتی کە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دابڕانێکی قووڵ لەنێوان هەرێم و ناوەندا هەبوو. دیارە سەردانی سەرۆکێکی کاریزمای وەك بارزانی بۆ کوردستان و عێراقیش گرنگە و سەرکردەکانی شیعەش جەختیان لەسەر ئەم گرنگییە کردەوەو ڕایانگەیاند سەرۆك بارزانی نەك تەنیا سەرکردەیەکی کاریزمایە لەناو کورد و عێراقدا، بەڵکو کەسایەتی و سەرکردەیەکی نیشتمانی و گەورەشە و دەتوانێت لە ڕۆژە سەختەکاندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، هاوکات ئەم سەردانە لە کاتێکی هەستیارو گرنگدا ئەنجام درا کە عێراق بە دۆخێکی ناسکدا تێپەڕ دەبێت، بەتایبەتی بوونی ناکۆکییەکی زۆری نێوان حزبەکان لەسەر پێکهاتەی حکومەتی عێراق و یەکلانەبوونەوەی زۆر لە کەیسەکان، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی پاڵپشتی حکومەتەکەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی کردو پەیامێکیشی هەبوو بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە پاڵپشتی لە دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بکەن لە پێکهێنانی حکومەتەکەیدا و کۆتایی بە هەموو ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان بهێنن. تەوەرێکی دیکەی سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفت و کێشانە بوو کە لەنێوان عێراق و کوردستاندا بوونیان هەیە، هەمووتان دەزانن زۆر کەیس و دۆسیێ گرنگ و هەستیار هەیە لەنێوان هەردوو لادا یەکلا نەکراوەتەوە، ئەمەش پێویستی بە ژینگەیەکی لەبارو گونجاو هەیە، تاوەکو لەم چوارچێوەیەدا گفتوگۆکان دەست پێ بکەن، کە بە تەئکید دروستبوونی ئەو ژینگەیە پێویستی بە سەرکردەیەکی کاریزمای وەك بارزانی هەیە.

*** دیارە کۆبوونەوەکەی نێوان سەرۆك بارزانی و د.عادل عەبدولمەهدی ئیجابی بووە، ئەم لێکتێگەیشتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، بەتایبەتی لەسەر دۆسێکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و نەوت و بودجەی هەرێم؟**

- ئەو پێشوازییە گەورەو گەرمەی لەلایەن سەرجەم سەرکردەکانی سوننە و شیعەوە لە سەرۆك بارزانی کرا، ئەوە دەردەخات کە سەرۆك

بارزانی چ ڕۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا هەیە، کاتێك سەرکردەکانی شیعە بە (ابو مسرور) بانگیان کرد، هەروەکو چۆن لە ناو کلتووری عەرەبدا باوە ئەگەر ڕێز و گەورەییان بۆ کەسێك هەبێت، بەو شێوەیە ناوی دەهێنن، ئەوە بوو سەرۆك بارزانی چەندین دیداری ئەنجامدا لەگەڵ هەریەك لە هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح و عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران و موقتەدا سەدر سەرۆکی هاوپەیمانی سائیرون و نوری مالیکی سەرۆکی کوتلەی دەوڵەتی یاسا و محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حەیدەر عەبادی سەرۆکی کوتلەی نەسر و عەمار حەکیم و ساڵح موتڵەگ و ئەندامانی کوتلەی جەبهەی عێراقی بۆ حیواری وەتەنی و سەرکردەکانی کوتلەی مەشروعی عەرەبی عێراقی و لێژنەی تەنسیقی لایەنە تورکمانەکان و چەندین کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیری و پەرلەمانتارانی دیکەی عێراقی، هەموو ئەم سەرکردەو کەسایەتییانەی عێراق جەختیان لەسەر پێویستی و گرنگی بوونی سەرۆك بارزانی لە بەغدا کردەوە، داوایان لە جەنابی کرد، ڕۆڵی زیاتری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق هەبێت، تەنانەت داوایان لێ کرد، بارەگایەکی تایبەتیی بارزانی لە بەغدا بکرێتەوە، چونکە بارزانی سەرکردەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و بوونی لە بەغدا و سەرانسەری عێراق زۆر پێویستە. بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم سەردانە کاریگەریی خۆی دەبێت بۆ ئاسانکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو لێژنە و ئەنجومەنانەی کە بۆ لایەنی هونەری و تەکنیکی چارەسەرکردنی کێشەکان دادەمەزراون، یان هەندێکی لە داهاتوودا لەنێوان هەرێم و ناوەند دادەمەزرێن.

*** چارەسەرکردنی کێشەکانی (نەوت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پێشمەرگە و بودجە) پێویستی بە دامەزراندنی لێژنەی تەکنیکی و هونەری هەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا بەنیازن لە ڕێگەی لێژنەکانی پەرلەمانەوە ئەم کارە بکرێت، یان ڕاستەوخۆ لە نێوان لێژنەکانی هەرێم و حکومەتی بەغدا؟**

- هەموو ئەم کێشانە پێویستیان بە دانوستان و گفتوگۆو لێکتێگەیشتن هەیە، بۆ ئەمەش بوونی لێژنە پەیوەندیدارەکان پێویستن، بۆ نموونە بۆ کێشەی بودجە بەتایبەتی پشکی کوردستان، لە پەرلەمانی عێراق لێژنەیەکی دارایی هاوبەش لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار هەیە، ئێمەش وەکو فراکسیۆن و کوتلە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق نوێنەرمان لەو لێژنەیە هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەین بۆ گەڕانەوەی ئیستحقاقاتی خەڵکی کوردستان، هەر لە پشکی هەرێمەوە تاوەکو مەسەلە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ئیستحقاقاتی پێشمەرگە و مووچە و جووتیاران و بەڵێندەران و ئاوارەو کۆمپانیا پیترۆڵییەکان و پەرەپێدانی ڕێککەوتنی ناردنە دەرەوەی نەوتی کەرکوك لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە و هەروەها مەسەلەی پێترۆ دۆلار بۆ ئەو ناوچانەی نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێت و چەندین بواری دیکە، تەنانەت لەبواری قەرزە دەرەکییەکان پێویستە ڕەچاوێکی دادپەروەرانەی پشکی هەرێمی کوردستان بکرێت. لەمەشدا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێکیان پێی وایە لەناو پەرلەمان کار بکرێت، بۆچوونی دووەمیش کارکردنە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، ئەمەش لە ڕێگەی لێژنە پەیوەندیدارەکانی وەکو لێژنەی بودجە و دارایی و شەهیدان و گەڕانەوەی مافەکانی جووتیاران، واتا هەماهەنگی لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق هەبێت بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کێشە و گرفتانە .

*** تا چەند بوونی دکتۆر فوئاد حوسێن وەکو وەزیری دارایی بۆ ئەو لێژنانە گرنگە؟**

- بوونی کەسایەتییەکی کوردی وەکو دکتۆر فوئاد حوسێن لە پۆستی وەزیری دارایی عێراق زۆر گرنگە، چونکە وێڕای ئەوەی وەزیری داراییە سەرۆکایەتیی ئەو لێژنە هاوبەشەش دەکات کە لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بودجە دانراوە، هاوکات ئیعتیبار دەکرێت کە جێگری سەرۆك وەزیرانیشە بۆ کاروباری ئابووری .

*** ئایا هیچ ئومێدێك هەیە پشکی هەرێمی کوردستان لە ڕەشنووسی بودجەی گشتی عێراقدا زیاد بکرێت، بەتایبەتی ئەو پشکە لە ڕێگەی بودجەی پارێزگاکانەوە بەرز بکرێتەوە؟**

**ئەو سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا جگە لەوەی سەردانێکی مێژوویی و پیرۆز بوو، کۆتایی بە بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق هێنا**

**لەبواری قەرزە دەرەکییەکان پێویستە ڕەچاوێکی دادپەروەرانەی پشکی هەرێمی کوردستان بکرێت. لەمەشدا دوو بۆچوون هەیە، یەکەم لەناو پەرلەمان کار بکرێت، دووەم کارکردنە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا**

**بوونی کەسایەتییەکی کوردی وەکو دکتۆر فوئاد حوسێن لە پۆستی وەزیری دارایی عێراق زۆر گرنگە، چونکە وێڕای ئەوەی وەزیری داراییە سەرۆکایەتیی ئەو لێژنە هاوبەشەش دەکات کە لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بودجە دانراوە**

- پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو لایەنە کوردستانییەکانیش بەگشتی لە مەلەفی بودجەدا کارنامەیەکیان دەرکردووە و هەمووشیان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە هاوڕان، بەوەی:

١- ئیستحقاقاتی هەرێمی کوردستان زیاد بکرێت، ئەم زیادبوونەش مەرج نییە بۆ ١٧٪ بەرز ببێتەوە، بەڵام دەبێت لەو ڕێژەیەی ئێستا کە دانراوە زیاتر بکرێت.

٢- پێویستە لەناو بودجەدا پڕۆژەی سەرژمێریی گشتی جێگیر بکرێت و بودجەی پێویستی بۆ دابنرێت.

٣- خەرجی سەروەریی (نفقات سیادية) کەم بکرێتەوە یان لە بودجەی فیعلی جیا بکرێتەوە.

٤- پشکی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان لەناو بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەی عێراقدا جێگیر بکرێت، هەر لە مەسەلەی مووچەوە تاوەکو پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوشێوەی هێزەکانی سوپای عێراق.

٥- بودجەکە لە بودجەیەکی ڕەیعی و بەکارخستنەوە بگۆڕێت بۆ بودجەیەکی پەرەپێدان و وەبەرهێنان.

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پرسی بودجەو ئەو ڕەشنووسە پڕۆژە یاسایەی بودجەی ٢٠١٩ی عێراق ڕەخنە و تێبینی زۆر هەیە، خۆی لە بنەڕەتدا ڕەشنووسەکە لەلایەن حکومەتێکی کاربەڕێکەری عەبادییەوە دانراوە و بودجەیەکی «ڕەیعی»یە، ئەمە وێڕای ئەوەی چەندین کەموکورتی و ناڕێکی دەرهەق بە عێراق و کوردستانیشی تێدایە، پێموایە ئەرکی پەرلەمانە چیتر خۆی سەرقاڵی کێشەو ناکۆکییە حزبییەکان نەکات و ڕوو بکاتە ئەرکە سەرەکییەکەی کە دەرکردنی ئەو یاسایانەیە کە بواری ئابووری ڕێك دەخات و پەرەپێدانێکی بەردەوامی راستەقینە لەسەرجەم بوارەکاندا دروست دەکات، لەمەشدا ئێمە لەناو لیژنەی پلاندانان و بەدواداچوونی بەرنامەی حکومەت بە کاری پێشخستن و بەدواداچوونی ئەداو پرۆگرامەکانی حکومەت هەڵدەستین بۆ ئەوەی بزانین بەرنامە حکوومییەکان تاچەند خزمەت بە پێشخستنی بوارەکە دەکات و ڕەچاوی بنەماکانی شەراکەت و هاوسەنگی کردووە، پێشتر ئەم لیژنەیە نەبووە لەسەر داوای ئێمە و پەرلەمانتارێکی تر دامەزراوە و ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانیشەوە هەیە، دەستبەرداری دژایەتی و سزادانی خەڵکی کوردستان بێت.

*** پرسی یەکلاکردنەوەی هەردوو پۆستی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و زۆر لە وەزیرەکانی دیکە بۆچی وا دواکەوت؟**

- کێشەو گرفتە گەورەو چڕەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەسەر هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆدایە، ئەمەش بە ڕوونی دیارو لەبەرچاوە کە چ ناکۆکییەکی لە نێوان سوننەو شیعەکان لەلایەك و لەناو یەك پێکهاتەی وەکو سوننە و شیعەش لە لایەکی دی هەیە، ئەوەتا تا ئێستا لایەنە شیعەکان لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ ڕێکنەکەوتوون کە وا پێدەچێت بۆ زیاتر لە مانگێك ئەم دۆسێیە یەکلا نەبۆتەوە، ئەمەش زیان بە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەگەیەنێت، کە تەنیا ١٤ وەزیر یەکلا کراوەتەوە لە کاتێکدا ٨ وەزارەتی زۆر گرنگ ماون کە وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری و پلاندانان و داد و پەروەردە و خوێندن و ئاوارەو کۆچ و کۆچبەران، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتی لە د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران دەکەین و هەوڵیش دەدەین بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە.

*** لەم ناوەندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو ئیستحقاقاتێکی هەڵبژاردنی دوو وەزیری سوێندی یاسایی خۆیان خواردووەو دەڵێن سێیەمیش مسۆگەرە، ئایا وەزیری چوارەمیش دەدرێت بە کورد؟ ئەگەر درا بە کورد ئەویان بەر چ لایەنێك دەکەوێت؟**

- لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خاوەنی ٥٨ کورسیی پەرلەمانن و بەپێی ئەم دەنگانەش بێت پێویستە کورد چوار وەزارەتی پێ بدرێت کە تا ئێستا تەنیا دوو وەزارەت دراوە بە کورد، لەمەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو دوو وەزارەتەی وەرگرتووە و وەکو ئیستحقاقاتێکی هەڵبژاردنیش پێویستە وەزارەتی سێیەم وەربگرێت، بەمەش تەنیا یەك وەزارەت دەمێنێتەوە کە ڕەنگە ئەوەیان بۆ لایەنێکی تری حزبە کوردستانییەکان بێت، کە تا ئێستا یەکلاکردنەوەی ئەمە ڕوون نییە و ڕۆژانە پڕوپاگەندە و قسەی جیاواز لەسەر ناوی وەزیرەکان هەیە.

**ئەرکی پەرلەمانە چیتر خۆی سەرقاڵی کێشەو ناکۆکییە حزبییەکان نەکات و ڕوو بکاتە ئەرکە سەرەکییەکەی کە دەرکردنی ئەو یاسایانەیە کە بواری ئابووری ڕێک دەخات و پەرەپێدانێکی بەردەوامی ڕاستەقینە لەسەرجەم بوارەکاندا دروست دەکات**

**لەناو لیژنەی پلاندانان و بەدواداچوونی بەرنامەی حکومەت بە کاری پێشخستن و بەدواداچوونی ئەداو پرۆگرامەکانی حکومەت هەڵدەستین بۆ ئەوەی بزانین بەرنامە حکوومییەکان تاچەند خزمەت بە پێشخستنی بوارەکە دەکات و ڕەچاوی بنەماکانی شەراکەت و هاوسەنگی کردووە**

**تا ئێستا لایەنە شیعەکان لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ ڕێکنەکەوتوون کە وا پێدەچێت بۆ زیاتر لە مانگێک ئەم دۆسێیە یەکلا نەبۆتەوە**




لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بۆ گوڵان:

# گرنگترین کاری داهاتوومان دانانی ١٠ هەزار کامێرای پێشکەوتووی چاودێرییە لە ناو شاری هەولێر

**دیاردەی چەکهەڵگرتن لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان قەدەغەکراوە و بە ڕێژەی ٨٠٪یش مۆڵەتی چەکهەڵگرتنمان کەم کردۆتەوە**

# پەرلەمانی کوردستان سوڵحی عەشائیری کردووە بە مەرج بۆ ئازادکردنی تاوانباران

**لەگەڵ ئەوەی شاری هەولێر لە رووی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیرییەوە بە ئارامترین شاری کوردستان و عێراق لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ناوبەناو رووداوی کوشتن و دزی و قومارکردن و ماددەی هۆشبەری تێدا روودەدات، بەشێك لەم رووداوانەش کە بە هۆی هەڵگرتنی چەك و پێشێلکردنی یاساوە روو دەدەن، قوربانیان لێکەوتووەتەوە، دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکدی خەریکی چارەسەرکردن و بنبڕکردنی ئەو جۆرە رووداوانەن، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئاسایش و سەقامگیریی هەولێر و ئەو رووداوانەی لە هەولێر روودەدەن، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** یەکێك لەو سیما جوانانەی هەولێری پایتەخت ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەیە کە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش فەراهەمیان کردووە، ئایا چۆن توانراوە ئەم ئاسایش و سەقامگیرییە فەراهەم بکەن؟**

- نهێنیی سەرکەوتنمان لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەولێری پایتەخت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکانمان بە یەکدەنگی دەردەچن و لەسەر هەموو دەزگا و لایەنە پەیوەندارەکان گشتگیر دەکرێن و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەمەش زیاتر ئێمە ژوورێکی عەمەلیاتمان هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی روودانی هەر رووداوێك لە هەولێر ئەو ژوورە کۆببێتەوە و پاش گفتوگۆکردن هەموومان پێکەوە بڕیاری لەسەر دەدەین و بڕیاری تاکلایەنە بۆ هیچ رووداوێك نادرێت، ئەندامانی ژووری عەمەلیاتیش پێکهاتوون لە بەڕێزان (وەزیری ناوخۆ، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆ و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر) ئەمەش وایکردووە تا ئاستێکی بەرز هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی شاری هەولێر هەبێت. لەلایەکی دیکەوە فەرمان بۆ هەموو بنکەکانی پۆلیسی هەولێر دەرکراوە، هەر بڕیارێك لە بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێرەوە بۆیان بچێت، ئەوا بەبێ گەڕانەوەیان بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەبێت، ئەو بنکانە ئەو بڕیارەی ئاسایش جێبەجێ بکەن، ئەمەش وایکردووە کە وەك یەك تیم کار بکەین و لە کارەکاندا سەرکەوتوو بین.

**نهێنیی سەرکەوتنمان لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەولێری پایتەخت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکانمان بە یەکدەنگی دەردەچن و لەسەر هەموو دەزگا و لایەنە پەیوەندارەکان گشتگیر دەکرێن**

*** هەولێر بەرفراوانییەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ژمارەیەکی هێجگار زۆر ئاوارە رووی تێ کردووە، ئایا تاچەند ئەم فراوانبوونە نائاساییە کارەکانی ئێوەی قورستر کردووە؟**

- شاری هەولێر گەشەکردنێکی بەرفراوان و خێرای بە خۆیەوە بینیوە، بۆیە ئەگەر لەگەڵ سەرەتای راپەڕینی ١٩٩١ بەراوردی بکەین، ئەوا دەبینی ژمارەی گەڕەکەکانی چەند بەرامبەر زیادی کردووە، لەلایەکی دیکەش بەهۆی ناسەقامگیری لە بەشەکانی ناوەڕاست

و باشووری عێراق و هاتنی ئاوارەکانی کوردانی ڕۆژئاوا و پاشانیش شەڕی تیرۆریستانی داعش و هاتنی ئاوارەیەکی زۆر بۆ کوردستان، بەشێکی زۆریان ڕوویان لە شاری هەولێر کردووە، سەباری ئەم بارودۆخەش بە هۆی بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئیمکانیەتی پێویست لەبەر دەست نەبووە، هەروەها فراوانبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووان و ئەو بارە داراییە قەیراناوییە قورسایەکی زۆری لەسەر دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش دروست کردووە، بەڵام وێڕای ئەمانەش توانیمان بە ڕێگەی دانانی پلانێکی زانستی و دابەشکردنی سنووری هەولێر بەسەر چەند بەشێکدا و دانانی بنکەی پۆلیس و ئاسایش بۆ هەر یەکێك لەو کەمپانەی ئاوارەکانی لێ نیشتەجێ بوون، تەنانەت ئەگەر پێویست بوویێت بنکەی زێرەڤانیشی لێ دانرا، بەم پلانە هەم توانراوە ئاسایش و سەقامگیری هەولێر بپارێزین، هەمیش توانیومانە ئاسایش و سەقامگیریی کەمپی ئاوارەکانیش بپارێزین.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، ئاوارەیەکی زۆری عەرەبی عێراقی لە هەولێر بوونیان هەیە، بەڵام لەو کاتانەشی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر کوردستان، هیچ کاردانەوەیەکی خراپ بەرامبەر ئەو عەرەبانە نەکرا، ئایا ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لەو کاتەی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر کوردستان، من خۆم خەڵکی عەرەبم لە هەولێر بینیوە کە بە عەگال و دشداشەوە سووڕاوەتەوە و کەسیش هەقی بە سەریەوە نەبووە، ئەم لایەنەیان بە پلەی یەکەم بۆ ئەو کار و ڕەفتارە بەرزە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی هەولێر هەیانە و هەرگیز بیر لە تۆڵەسەندنەوە، یان جیاکاریی نەتەوەیی و ئایینی ناکەنەوە، خۆ ئەگەر چەند گەنجێکی خوێنگەرمیش هەوڵیاندابێت کاردانەوەیەکیان هەبێت، ئەوا دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس ڕێگەیان نەداوە کاری نەشیاو بکەن، بەمەش جارێکی خەڵکی شاری هەولێر سەلماندیانەوە کە پارێزگاری لە پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبووردەیی دەکەن، هەروەك چۆن لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بە هەزاران ئەفسەر و پلەدار و سەربازی سوپای عێراق کەوتنە بەردەستی خەڵکی هەولێر، بەڵام خەڵکی هەولێر نەك هەر بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردەوە، بەڵکو بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان کردن و وەك میوان مامەڵەیان لەگەڵ کردن، لێرەدا دەمەوێت ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم ئاکار و ڕەفتارە بەرزەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی، عەرەبی عێراقی دووچاری سەرسوڕمان کردووە، هەر بۆ نموونە زۆرجاران شێخەکانی هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکانی فەلوجە و حەویجە و موسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق دینە لامان و ڕاستگۆیانە پێمان دەڵێن، ئێمە پێش ئەوەی بێینە کوردستان و بەتایبەتیش شاری هەولێر و پێمانوابوو ئەگەر بێینە کوردستان و لەگەڵ کورد بژین، ئەوا خۆمان دەدەینە دەست قەزاو قەدەر و تووشی سەدان کێشە و گرفت دەبین، بەڵام ئەو واقیعەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو کە لە هەولێر ژیاوین و بینیوومانە، تەواو پێچەوانەیە و خەڵکی هەولێر نەك هەر هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ دروست نەکردووین، بەڵکو هاوکارییان کردووین و ڕێزیان لێ گرتووین. بەڵام ئەم کولتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەییە لە بەشەکانی دیکەی عێراق بوونی نییە، یان ئەگەر هەشبێت، زۆر کەمە، بەداخەوە لەو خەڵکە سڤیل و کاسبکار و نەخۆش و قوتابیانەی کورد کە بۆ کاسبی و خوێندن و چارەسەر چوونە بەغدا و موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق، تەنیا لەسەر ئەوەی زانیویانە کوردن و بە کوردی قسە دەکەن ١٣٥ کەسیان بە دەستی عەرەبی عێراقی کوژراون. بەڵام ئەمانە خەڵکی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێری بەتایبەتی دووچاری کاردانەوە نەکردووە و بەردەوام پارێزگاریان بۆ سیما جوانەی خۆیانەوە کردووە کە پارێزگاریکردن بووە لە ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیان.

*** لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو پلان و بڕیارێك هەبوو بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکداری، ئایا ئەم بەرنامەو بڕیارە هەر ماوە بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەکداری و دەتانەوێت چی بکەن؟**

- دیاردەی چەکداری لە ناو شاری هەولێر بوونی نییە، ئەمەش بەو مانایەی خەڵکی

بە هۆی بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئیمکانیەتی پێویست لەبەر دەست نەبووە، هەروەها فراوانبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووان و ئەو بارە داراییە قەیراناوییە قورسایەکی زۆری لەسەر دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش دروست کردووە

لەو کاتەی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر کوردستان، من خۆم خەڵکی عەرەبم لە هەولێر بینیوە کە بە عەگال و دشداشەوە سووڕاوەتەوە و کەسیش هەقی بە سەریەوە نەبووە

لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بە هەزاران ئەفسەر و پەلەدار و سەربازی سوپای عێراق کەوتنە بەردەستی خەڵکی هەولێر، بەڵام خەڵکی هەولێر نەک هەر بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردەوە، بەڵکو بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان کردن و وەک میوان مامەڵەیان لەگەڵ کردن

ئاسایی نابینیت چەکی پێ بێت، بەڵام لەناو ماڵەکان چەك هەیە، بۆ بوونی چەکیش لەناو ماڵەکاندا، کۆمەڵێك هۆکار هەیە لەوانە:

١- ناسەقامگیریی ناوچەکە (نەك هەولێر یان کوردستان) ئاشکرایە ناوچەکە ماوەی چوار پێنج ساڵە بەهۆی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعشەوە ناسەقامگیرە و خەڵك بە ئاشکرا دەڵێن پێویستمان بە چەکە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین و، جێگەی ڕێز و شانازیشە کە لەکاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان بە هەزارن خەڵك بەچەکی خۆیانەوە بۆ پارێزگاری لە کوردستان دەچوونە بەرەکانی شەڕ و ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبوونەوە.

٢- هەر بەهۆی شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە، ئێمە شەوانە مەفرەزەمان بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی دیاردەی چەکداری بنبڕ بکەین، بەڵام هەر کەسێکمان بە چەکەوە دەگرت، دەیگوت ئێستا لە بەرەکانی شەڕ گەڕاومەوتەوە، ئەمەش وایکرد، بنبڕکردنی دیاردەی چەکداری زەحمەت بێت، لە هەموو شوێنکیش وایە کاتێك وڵاتەکەت ڕووبەڕووی شەڕ دەبێتەوە، بنبرکردنی دیاردەی چەکداری قورس دەبێت.

٣- هەر دوای تەواوبوونی شەڕی تیرۆریستانی داعش لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزەکانی عێراق پەلاماری کوردستانیان دا و ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانەی لە کەرکووك و ناوچەکانی دیکەوە هاتن بۆ هەولێر، هەموویان چەکیان پێ بوو، ئەمەش وایکرد لە بری ئەوەی دیاردەی بوونی چەك کەم ببێتەوە، کەچی زیاتری کرد.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە پێش هاتنی شەڕی داعش و پەلاماریان بۆ سەر کوردستان، دەزگاکانی ئاسایش بەگشتی و بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بەتایبەتی، پێشنیارێکمان لە ڕێگەی بەڕێز وەزیری ناوخۆوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردبۆوە و داوامان کردبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو چەکانەی لای هاووڵاتیان بیانکڕێتەوە بۆ ئەوەی دیاردەی چەکداری و بوونی چەك لەناو ماڵەکاندا بوونی نەمێنێت، لەسەر ئەم پێشنیارە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ ڕەزامەندییان پیشاندابوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی ئابووری و بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداوە نەتوانرا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا هیچ پلانێکتان هەیە بۆ نەهێشتن و بنبرکردنی دیاردەی چەکداری و ئایا ئە هۆکارانە بێ ئومێدی نەکردوون؟**

- چەند مانگێك پێش ئێستا بە بەرنامە پلانێکمان بۆ نەهێشتن و کۆنتڕۆڵکردنی دیاردەی چەکداری بۆ شاری هەولێر دارڕشتووە و ئێستا بەجددی کار لەسەر ئەو پلانە دەکەین و بەپێی ئەم پلانە، هەموو جۆرە چەکێك (مۆڵەتدار و بێ مۆڵەت لە شوێنە گشتییەکان و ناو بازار و پارك و باخچەکان بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کراوە، لەو هەڵمەتانەی بۆ ئەمە مەبەستە کردوومانە، توانراوە زیاتر لە ٢٠٠ چەك دەستیان بەسەردا بگیرێت و خاوەنەکانیشیان دراون بە دادگا، هەروەها بڕیارێکی دیکەمان دەرکردووە کە پێدانی مۆڵەتی چەکهەڵگرتن بە ڕێژەی ٨٠٪ کەم بکرێتەوە، ئەو ٢٠٪ـەش کە مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان پێ دەدەین، دەبێت ڕێوشوێنی زۆر قورسیان لەگەڵدا بگیریتەبەر و مۆری پەنجەیان وەربگیرێت، موڵەتەکەش بە فلتەری چەندین لایەنی ئاسایشی پەیوەندیدار تێپەڕ بێت. بەردەوامیش مەفرەزەکانمان دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەگەر هەر کەسێك چەکی هەڵگرتبێت، چەکەکەی دەستی بەسەردا بگیرێت. بوونی چەك لە کۆمەڵگە کۆمەڵێك کارەساتی ناخۆش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەر بۆ نموونە لەو ماوەی پێشوو لە ئاهەنگێکی بووکگواستنەوەدا کەسێك کەسێکی دیکەی لەسەر سەرچۆپی کوشتووە، یان باوکێك کوڕەکەی خۆی کوشتووە، ئەمانە ئەو ڕووداوانەن کە لە ئەنجامی بوونی چەکەوە ڕوودەدەن، بۆیە پرسی بنبڕکردنی چەك دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێت و نەهێڵدرێت.

*** زۆر جار بیستوومانە کەسێك بۆ نموونە لە سلێمانی تاوانێك دەکات دێتە هەولێر، لە هەولێر تاوانێك دەکات، دەچێتە سلێمانی، یان شارەکانی دیکەی عێراق، ئایا بۆ ئەمجۆرە تاوانانە هەماهەنگی و هاوکاریتان لەگەڵ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق هەیە؟**

- لەسەر هەندێك تاوانی دیاریکراو، بەڵێ هاوکاری و هەماهەنگیمان لەگەڵ پۆلیسی شارەکانی تری کوردستان هەیە، هەر بۆ نموونە هەندێك تاوانبار تاوانیان لە هەولێر ئەنجامداوە و

**لەو خەڵکە سڤیل و کاسبکار و نەخۆش و قوتابیانەی کورد کە بۆ کاسبی و خوێندن و چارەسەر چوونە بەغدا و موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق، تەنیا لەسەر ئەوەی زانیویانە کوردن و بە کوردی قسە دەکەن ١٣٥ کەسیان بە دەستی عەرەبی عێراقی کوژراون**

**داوامان کرد حکومەت ئەو چەکانەی لای هاووڵاتیان بیانکڕێتەوە بۆ ئەوەی دیاردەی چەکداری و چەک لەناو ماڵەکاندا نەمێنێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی ئابووری و بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداوە نەتوانرا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت**

**لەو ماوەی پێشوو لە ئاهەنگێکی بووکگواستنەوەدا کەسێک کەسێکی دیکەی لەسەر سەرچۆپی کوشتووە، یان باوکێک کوڕەکەی خۆی کوشتووە، ئەمانە ئەو ڕووداوانەن کە لە ئەنجامی بوونی چەکەوە ڕوودەدەن، بۆیە پرسی بنبڕکردنی چەک دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێت و نەهێڵدرێت**

هەڵاتوون بۆ سلێمانی، ئێمە بڕیار و ناونیشانی تۆمەتبارەکەمان بۆ پۆلیسی سلێمانی ناردووە و داوامان کردووە کە ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر بکرێن و بیاننێرنەوە بۆ پۆلیسی هەولێر، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەو هەماهەنگییەش لە نێوانماندا هەیە، بەڵام پۆلیسی سلێمانی نەیتوانیوە ئەو خەڵکانە دەستگیر بکات، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە پۆلیسی سلێمانی نایەوێت دەستگیریان بکات، بەڵکو بەداخەوە لە دەزگا و شوێنی دیکەی سلێمانی ئەو تۆمەتبارانە داڵدە دەدرێن و پۆلیس ناتوانێت بیانگرێت، یان زۆر جار تۆمەتباری داواکراو دەستگیر کراوە، بەڵام ئامادە نەبوون بینێرنەوە بۆ ئێمە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەگەر پۆلیسی سلێمانی، یان هەر دەزگایەکی ئاسایش داوای تۆمەتباری هەڵاتووی شارەکەیان لە ئێمە کردبێت، ئەوا ئێمە لە سەدا سەد دەستگیرمان کردووە و تەسلیمی لایەنی پۆلیس و ئاسایشی سلێمانیمان کردۆتەوە و تا ئێستا ٥٦ تۆمەتباری داواکراوی سلێمانی لە هەولێر دەستگیر کراون و دراونەتەوە بە پۆلیس یان ئاسایشی سلێمانی. بۆیە هەر لێرەوە لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە بە برا و هاوکارەکانم لە پۆلیسی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان دەڵێم: با ڕێگە نەدەین تاوانبارێك لە شارێك تاوانێك ئەنجام بدات و لە شارێکی دیکە خۆی حەشار بدات، دووبارە دوا لە برایانی پۆلیسی سلێمانی دەکەمەوە کە چ ناوێکیان لایە بۆمان بنرێن، ئەگەر لە هەولێر خۆی حەشار دابێت، ئێمە بۆیان دەستگیر دەکەین و بۆیان دەنێرینەوە.

*** ئەی سەبارەت بە هەماهەنگیتان لەگەڵ پۆلیسی شارەکانی دیکەی عێراق؟**

- لەگەڵ دامودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی شارەکانی دیکەی عێراقیش هەماهەنگی و هاوکاریمان هەیە، بەڵام لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە ڕێگەی نێوان هەولێر- کەرکووك، هەولێر-موسڵ نەبوو، کارەکانمان زۆر سەخت و ناخۆش بوو، چونکە ئەو تاوانبارانەی دەگیران، دەبوو بە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر ڕەوانەی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق بکرێنەوە، بەڵام ئێستا بە کرانەوەی ڕێگاکان کارەکان ئاسایی بۆتەوە، هەروەها ئێمە نوێنەرایەتیی هاوبەشمان هەیە لەنێوان وەزارەتی ناوخۆی کوردستان و عێراقدا و دوای ئەوەی تاوانبار بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، بڕیارەکە دەچێتە لای لیژنەی هەماهەنگی و بە بڕیاری جەنابی وەزیری ناوخۆ تۆمەتبارەکە دەستگیر دەکرێت و بە نووسراوی فەرمی تۆمەتبارەکە بۆ شارەکانی خۆیان ڕەوانە دەکرێتەوە و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر تۆمەتبارێك لە لای ئێمە بۆ شارەکانی عێراق رایکردبێت، بەهەمانشێوە لەپاش دەستگیرکردنی بۆ هەولێری ڕەوانە دەکەنەوە.

*** ئایا لێبووردنی گشتی و سولحی عەشائیری تا چەند کاریگەریی خراپی لەسەر کارەکانی ئێوە دروست کردووە، چونکە لە ڕێگای ئەو لێبووردنی گشتی و سولحەوە تاوانباری زۆر مەترسیدار ئازاد کراون؟**

- لەماوەی هەشت کابینەی حکومەتی کوردستان تاوەکو ئێستاکە ٣-٤ لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، ئەمەش لایەنی باش و خراپی هەبووە، بەڵام بە بۆچوونی من وەکو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەو لێبووردنە گشتییانە لایەنی خراپی زیاتر بووە، چونکە کۆمەڵێك خەڵکی تاوانبار چ پێویست دەکات بەبێ ئەوەی ماوەی حوکمی خۆی تەواو کردبێت، بێنەوە ناو کۆمەڵگە، هەروەها لەمبارەوە ڕەخنەیەك ڕووبەڕووی پەرلەمانی کوردستان دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی ئازادکردنی ئەو تاونبارانە دەبەستێتەوە بەوەی دەبێت تاوانبار لەگەڵ ماڵی خاوەن ماف سوڵح بکات، ئەمەش وایکردووە کە سوڵحی عەشائیری ببێتە دیاردەیەك، ئەمە لە کاتێکدا پەرلەمان پێش ئەوەی ئەو یاسایە دەربکات، دەبوو پرس و ڕاوێژی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکردایە، چونکە ئەم یاسایەی پەرلەمان وایکردووە کە دیاردەی سوڵحی عەشائیری ڕوو لە زیادبوون بکات، بە هۆی ئەم سوڵحەشەوە کۆمەڵێك تاوانبار پێش ئەوەی حوکمەکەی تەواو بکات، دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە و دووبارە تاوانێکی دی، یان تاوانێکی هاوشێوەی تاوانەکەی پێشووی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە من وەکو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دژی ئەوەم کە لێبووردنی گشتی بەتایبەتی کە سولحیشی تێدا بێت لە هەرێمی کوردستان دەربچێت بۆ ئازادبوونی تاوانباران و هیچ حوکمدراوێك نابێت ئازاد بکرێت تا ماوەی حوکمەکەی تەواو نەکات.

**تا ئێستا ٥٦ تۆمەتباری داواکراوی سلێمانی لە هەولێر دەستگیر کراون و دراونەتەوە بە پۆلیس یان ئاسایشی سلێمانی**

**لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە بە برا و هاوکارەکانم لە پۆلیسی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان دەڵێم: با ڕێگە نەدەین تاوانبارێک لە شارێک تاوانێک ئەنجام بدات و لە شارێکی دیکە خۆی حەشار بدات**

**لەگەڵ ئەوەی قومارخانە لە کوردستاندا مۆڵەتی نییە و ئەوەی هەبووە دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام قومارکردن بوونی هەیە و زۆر جار لە ماڵەکاندا، یان لە مەزرەعەکاندا دەکرێن، ئەمەش دەست بەسەردا گرتنی قورسە، بەڵام ئەگەر بزانرێت ماڵێک بۆتە قومارخانە دەستی بەسەردا دەگرین**

*** دیاردەی قومار و هەبوونی قومارخانە چەند هۆکارن بۆ پشێوی و دروستبوونی جۆرەها کێشەو رووداو لەناو شاری هەولێردا بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە چیتان کردووە؟**

- بەشێوەیەکی فەرمی هیچ قومارخانەیەك لە رووی یاساییەوە لە هەولێر بوونی نییە، ئەو شوێنانەی قوماریان تێدا کرا، هەموویان نایاسایی بوون و بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش دەستیان بەسەردا گیراوەو ئەوانەشی لەوێ بوون بە قورماچییەکان و خاوەنی قومارخانەکانیشەوە دەستگیر کراون و رێوشوێنی یاسایی بەرامبەریان گیراوەتە بەر، بەڵام ئاشکرایە هەموو ئەوانەی دەگیرێن بێجگە لەو تاوانبارانەی بەپێی ماددەی ٤٠٦ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، دەتوانرێت بە کەفالەت ئازاد بکرێن، بۆیە ئەوانەشی لە قومارخانەکان گیراون بە بەکەفالەت ئازاد دەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ ئەوەی قومارخانە لە کوردستاندا مۆڵەتی نییە و ئەوەی هەبووە دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام قومارکردن بوونی هەیە و زۆر جار لە ماڵەکاندا، یان لە مەزرەعەکاندا دەکرێن، ئەمەش دەست بەسەردا گرتنی قورسە و ناکرێت پۆلیس بچێتە سەر هەموو ماڵێك، بەڵام بە هەموو شێوەیەك ئەگەر بزانرێت ماڵێك بۆتە قومارخانە ئەوا دەستی بەسەردا دەگرین، قومار کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیشی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدین ئەم دیاردەیە بوونی نەمێنێت.

*** لەساڵی ٢٠١٨ چەند کەس لەسەر رووداوی جۆراوجۆر دەستگیر کراون؟**

- لە سەرەتای ساڵەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ١١ مانگ ٤٣٢٤ کەس لە هەولێر لەسەر هۆکاری جیاواز دەستگیرکراون، لەناو ئەمانەدا هەندێك رووداو چەند کەسێکی لەسەر دەگیریت، بەڵام پاشان ئەو کەسانەی بێتاوانن ئازاد دەکرێن.

*** پرسێکی دیکەی مەترسیدار کە ئەویش تا رادەیەك بەربڵاوە، پرسی ماددەی هۆشبەرە، ئایا ئێوە وەك پۆلیس چ رۆڵێکتان لە بەرگرتن بە ماددەی بێهۆشکەر هەیە؟**

- بۆ رێگرتن لە ماددە هۆشبەرەکان لەناو ئاسایشی گشتی بەرێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ بە ناوی بەرێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان هەیە، بەڵام بۆ رێگەگرتن لەم دیاردەیە، کارو هەماهەنگی لەنێوان هەموو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی هەولێر و ئاسایشی گشتی هەیە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە هەتا ئێستا خەڵکی هەولێر ئالوودەی ماددەی هۆشبەر نەبووە، هەر چەندە وەك ترانزێت لە هەولێرەوە بازرگانی پێوە کراوە، تا ئێستا زیاتر لە ٤٤٠ کەس لەسەر بەکارهێنان و بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون، هەروەها لەسەر بەکارهێنانی حەب وەك (ئارتین و ڤالیۆم و.. هتد) خەڵکانێکمان هەیە، پێشتر ئەم حەبانە بەپێی یاسای دەرمانخانە مامەڵەی لەگەڵ دەکراو سزاکەی سووك بوو، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ ماددەی ٢١ی ماددە هۆشبەرەکان و ئەگەر کەسێك نەخۆش نەبێت و راچێتەی پزیشکی پێ نەبێت، ئەوا ئەگەر ئەم حەبانەی پێ بگیرێت، بە ماددەی ٢١ی ماددەی هۆشبەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

*** لە کاتی رووداني هەر رووداوێکی سرووشتی وەك لافاو و ئاگرکەوتنەوە، ئێوەش دەبینرێن، ئایا ئێوەش هاوکار و هەماهەنگن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو رووداوانە؟**

- بۆ ئەو جۆرە رووداوانە لەناو پارێزگای هەولێر لیژنەیەك هەیە بە ناوی لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و کاری ئەم لیژنەیەش بەدواداچوون و سەرپەرشتیی ئەو رووداوانەیە و بەرێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر سەرۆکی ئەو لیژنەیە و لیژنەکەش پێکهاتووە لە (بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێر و بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر و بەرێوەبەری بەرگریی شارستانی و بەرێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر و ژینگە و.. تاد).

*** ئایا بەرنامەو پلانتان هەیە بۆ دانانی کامێرای چاودێری لەناو شاری هەولێر کە زیاتر سەقامگیریی ئاسایش و هێمنی شارەکە بپارێزێت؟**

- ئەگەر باری دارایی و ئابووری هەرێم بەرەو باشی بچێت، ئەوا یەکێك لە گرنگترین کارەکانمان ئەوەیە کە ١٠ هەزار کامێرای چاودێریی پێشکەوتوو بە دوو قۆناغ لە هەموو شاری هەولێر دابنێین.


**لە سەرەتای ساڵەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ١١ مانگ ٤٣٢٤ کەس لە هەولێر لەسەر هۆکاری جیاواز دەستگیرکراون**

**هەتا ئێستا خەڵکی هەولێر ئالوودەی ماددەی هۆشبەر نەبووە، هەر چەندە وەك ترانزێت لە هەولێرەوە بازرگانی پێوە کراوە**

**تا ئێستا زیاتر لە ٤٤٠ کەس لەسەر بەکارهێنان و بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون**



# ئایا بە ڕاستی شەڕی سارد کۆتایی هات؟



**ڤلادیسلاف سۆتیرۆڤیچ بۆ گوڵانی نووسیوە**

سالانی دوای بە فەرمی کۆتاییهاتنی ڕۆژگاری شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٨٩دا، جۆرێك لە گەشبینیی نێودەوڵەتی هێنایەئاراوە بەوەی دەکرێت بە ڕاستی بیرۆکەی کۆتاییهاتنی مێژوو بێتەدی کە بریتی بوو لەو باوەڕەی کە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ململانێی جیۆپۆلەتیکی لە نێوان دەوڵەتە هەرە بەهێزەکاندا. سیستمی نوێی جیهانی- کە بۆ یەکەمجار لەلایەن سەرۆك «گۆرباتچۆڤ»ـەوە گوزارشتی لێکرا لە میانەی وتارێکیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨- لە بنەڕەتدا وەك سیستمی شەراکەتی یەکسان لێی دەڕوانرا لە سیاسەتی جیهاندا و ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەوشێکی نێودەوڵەتی تەواو جیاواز بوو لە دوای شەڕی ساردەوە.

بە داخەوە، شەڕی سارد کۆتایی هات، بەبێ ئەوەی کۆتایی مێژوو ڕووبدات، وەك دەبینین ئەمریکا درێژە بە هەمان سیاسەتی سەردەمی شەڕی سارد دژ بە مۆسکۆ دەدات، ئێستا لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت نا، بەڵکو لە دژی جێگرەوەکەی کە ڕووسیایە. لەم ڕوانگەیەوە و لە دیدی پەنتاگۆنەوە شەڕی سارد هیچ کاتێك کۆتایی نەهاتووە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەرکە سیاسییە بنەڕەتییەکە، کە بریتییە لە دوورخستنەوەی ڕووسیا لە شانۆی سیاسەتی جیهان، بەدی نەهاتووە. ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە لە ساڵی ١٩٨٩دا کۆمۆنیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات داڕووخا، کە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیشی بەدوادا هات لە ساڵی ١٩٩١، ئەمەش ئەگەری ڕاستەقینەی دروستکرد بۆ بنیادنانی سیستمێکی نێودەوڵەتی و ئەمنیەتی جیهانی، هەروەها بەرفراوانبوونی



ناتۆ لە مانگی ئازاری ١٩٩٩دا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات (چوارەم بەرفراونبوونی ئەم ڕێکخراوە) بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر بەردەوامبوونی سیاسەتی سەردەمی شەڕی سارد لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست مۆسکۆدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نادڵنیایی خوڵقاندووە لەبارەی ئایندەی ئاسایشی جیهانییەوە. دوای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و شەڕی سارد، چەندین بەرپرسی حکوومی و کەسانی ئەکادیمی لە سەرەتادا پرسیاری ئەوەیان کرد، بۆچی ڕێکخراوی ناتۆ بمێنێتەوە؟ دواتر پرسیاریان لەبارەی ئەوەوە کرد، بۆچی ئەم هاوپەیمانێتیە سەربازییە- کە بە ڕەسمی ئەرکەکەی بەرگریکردنە- بەرفراوان دەبێت و ئەندامی زیاتر وەردەگرێت، لە کاتێکدا کە کۆنفرانسێکی گشتیگرتر لەبارەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا (ئێستا بۆتە ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا) دەیتوانی چوارچێوەی پێویست دەستەبەر بکات بۆ هاوکاری لە بواری ئەمنیی ئەوروپا لە نێویاندا ڕووسیا. هەرچۆنێك بێت، ناتۆ هەڵنەوەشێنرایەوە، تەواو بەپێچەوانەوە، بە چەشنی یەکێتیی ئەوروپا درێژەی بە هەمان سیاسەتی بەرفراوانکردنی زیاتر (بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات) دا.

قەیرانی کۆسۆڤۆ لەساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ بووە پاساوێکی ڕەسمی بۆ بەرفراوانکردنی ئەم دوو ڕێکخراوە لایەنگرەی ئەمریکا بۆ «باشترکردنی ئاسایشی ئەوروپا.» سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا، ڕۆمانۆ پرۆدی لە میانەی وتارەکەیدا لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا لە ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ پێشکەشی کرد، زۆر ڕوون لەم بارەیەوە قسەی کرد. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر بزانین قەیرانی کۆسۆڤۆ کە دەستێوەردانی (دەستدرێژیکارانەی سەربازیی) ناتۆی بەدواداهات لە دژی سربیا و مۆنتینگرۆ کە بە تەواوەتی ئەمریکای لە پشت بوو، ئەوا لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە، ئەگەر بڵێین قەیرانی کۆسۆڤۆ لەلایەن واشنتۆنەوە خوڵقێنرا و درێژەی پێدرا بۆ دروستکردنی پاساوێکی ڕەسمی بۆ ئەوەی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا بەرفراوان بکات.

هەرچۆنێك بێت، ئایا لەساڵی ١٩٨٩/١٩٩٠دا دەتوانرا باس لە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بکرێت، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی بۆچوونە دژ و پێچەوانە سەرەکییەکە: بوونی ناتۆ و تەنانەت بەرفراوانبوونی زیاتری؟ لە راستیدا، ناتۆ گەورەترین و درێژخایەنترین هاوپەیمانیی سەربازییە لە مێژووی هاوچەرخدا (کە لە ساڵی ١٩٤٩ دامەزرا، واتە ٦ ساڵ پێش حیلفی وارسۆ). لە ئێستاشدا هیچ گومانی تێدا نییە کە دامەزراندن و بەردەوامبوونی ناتۆ هێشتا ئامرازێکی بنەڕەتیی سیاسەتی ئەمریکایە لە میانەی ئیمپریالیزمە جیهانییە تاکلایەنەکەی، کە هەرچۆنێك بێت، بە رادەیەکی گەورە، دژی مۆسکۆ ئاراستە کراوە. دانانی مووشەکە ئەمریکییەکان لە ئەوروپای رۆژئاوا لە ساڵانی هەشتاکاندا، سەرەڕای بەدیهاتنی نزیکبوونەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتدا، بووە ئاماژەیەکی روون بۆ سرووشتی راستەقینەی گەمە جیوپۆلەتیکییەکەی پەنتاگۆن کە تێیدا رۆژئاوا و ناتۆ کەڵکی خراپیان لێ وەرگیرا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ژێر پاساوی ئەوەی ناتۆ رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی باڵادەستە لە بواری ئەمنییەتی ئەوروپای رۆژئاوادا. ئەگەرچی بە رەسمی ناتۆ بۆ ئەوە دامەزراوە کە بە دیاریکراوی بەرگری و پارێزگاری بکات لە ئەوروپای رۆژئاوا لە بەرامبەر یەکێتیی سۆڤیەتدا، بەڵام گومانێکی زۆر هەیە لە دوای ساڵی ١٩٩٩وە کە بۆچی ئەم رێکخراوەی سەردەمی شەڕی سارد هێشتا لە ئارادا ماوە، لە کاتێکدا ئەو مەترسییەی ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد رووبەڕووی شارستانیەتی رۆژئاوا بۆتەوە، بوونی نەماوە لە دوای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی حیلفی وارسۆ. لە بنەڕەتدا، وەڵامی گونجاوی ئەم پرسیارە بە گەڕانەوە بۆ رەگ و ریشەی شەڕی سارد بەدی دەکرێت.

لە روانگەی ئەم شێوازەوە کە لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە پیادە کرا بۆ هێنانەئارای ئاڵوگۆڕ لە رەوشەکەدا، ئەوا بەرپرسارێتیی سەرەکی پەردەی ئاسنین و شەڕی سارد لە ئەستۆی ئەمریکا بووە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا: رەتیکردەوە داخوازییە ئەمنییە شەرعییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەوروپای رۆژهەڵاتی لەبەرچاو بگرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی رێککەوتنەکانی هاوپەیمانێتییەکانی سەردەمی شەڕی ساردی هەڵوەشاندنەوە، بۆ ئەوەی وەك یەك قەوارەی ئابووری مامەڵە لەگەڵ ئەڵمانیای داگیرکراوی دوا شەڕدا بکات. لەوەش زیاتر، ئیدارەی ترومان (١٩٤٣-٤٥) ئەفسانەی بەرفراوانبوونی سۆڤیەتی بەکارهێنا بۆ پەردەپۆشکردنی سرووشتی راستەقینەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە دروستکردنی سیستمێکی جیهانی لەخۆ گرتبوو بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای سەرمایەداری.

بێگومان، پشتگوێخستنی یەکێتیی سۆڤیەت لەلایەن بەڕێز گۆرباچۆڤەوە لە ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩١ بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتی دروست کرد لە ئەوروپای ناوەڕاست و رۆژهەڵاتدا کە لە ساڵانی دواتر لەلایەن ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپاوە پڕکرایەوە. بەرفراوانبوونی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا بە ئاراستەی رۆژهەڵات لە سەرەوەختی خۆیدا دەرکەوت کە بوونە ئامرازی سەرەکی بەدەست واشنتۆنەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی نزیك رووسیا بکات کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستیدا بوون. ئەو بەهانە باوەی کە هەر ئەکادیمیەکی ئاسایی رۆژئاوا لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێدەکات، لەبارەی بەرفراوانبوونی یەکێتیی ئەوروپا بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا، ئەوەیە کە دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکانی پێشووی ئەوروپای رۆژهەڵات، ویستیان بێنەپاڵ چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە ئارام و گەشەکردوو و دیموکراتین و تا رادەیەکی باش حوکمڕانی دەکرێن. ئەوان بە شێوەیەکی سرووشتی پێیانوایە ئینتیمایان هەیە بۆ ئەوروپا، بەڵام رێگرییان لێکراوە کە بەهرەمەند بن لە دیموکراسی و بازاڕی ئازاد لەلایەن هەژموونگەرایی سۆڤیەت و ملکەچکردنی ئەوروپای رۆژهەڵات بۆ دۆخەکە. بەڵام لەگەڵ رووخانی کۆمۆنیزمدا، دەبوو ئەم نادادییە مێژووییە راست بکرێتەوە و گەیشتن بە یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەوە بوو هەنگاوەکانی گەڕانەوەیان بۆ ئەوروپا تەواو بکات.

هەرچۆنێك بێت، روون نییە کە بۆچی ئەو حەوت دەوڵەتەی ئەوروپای رۆژئاوا کە لە ئێستادا لە دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپان، ناتوانن

**شەڕی سارد کۆتایی هات، بەبێ ئەوەی کۆتایی مێژوو رووبدات، وەک دەبینین ئەمریکا درێژە بە هەمان سیاسەتی سەردەمی شەڕی سارد دژ بە مۆسکۆ دەدات**

**لە دیدی پەنتاگۆنەوە شەڕی سارد هیچ کاتێک کۆتایی نەهاتووە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەرکە سیاسییە بنەڕەتییەکە، کە بریتییە لە دوورخستنەوەی رووسیا لە شانۆی سیاسەتی جیهان، بەدی نەهاتووە**

لایەنە باشەکانی بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بەدی بکەن. تەنانەت یەکێك لە دەوڵەتە ئەندامەکان (شانشینی یەکگرتوو) لە ساڵی ٢٠١٦دا بڕیاری دا لەم یەکێتییە دەربچێت (بریگست) و یەکێکیش لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارەش دەقاودەق بریتی بوو لە بەرفراوانبون بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا، کە ئامانجی سەرەکیی سەرجەم دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش بۆ چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا ئەوە بوو کە لەسەر پشتیوانی دارایی دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەم یەکێتییشە بژین.

لە ڕوانگەی جیوپۆلەتیکییەوە، دەوڵەتە ئەندامە نوێیەکانی یەکێتیی ئەورووپا کە سەر بە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتن (بەرفراوان لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دواوە) بوونەتە ئەسپی تەروادە لە نێو ئەم یەکێتییەدا، کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن کە ئەم سیاسەتەش ئامانجێکی ئیمپریالی هەیە، بەڵام ئامانجی سەرەکییان لە بوونە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکەن لە هەڵمەتی سەربازیی داهاتووی ڕۆژئاوا لە دژی ڕووسیا کە فۆرمی جەنگی سێیەمی جیهانی وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دەوڵەتانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات یەکەم لایەن دەبن کە ڕووبەڕووی دەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانی ئەم شەڕە ببنەوە، لەبەر ئەوەی دەبنە بەرەی پێشەوەی شەڕی ڕۆژئاوا لە دژی ڕووسیا.

بە دڵنیاییەوە، یەکێك لە کردارە هەرە بنەڕەتییەکان لە دژی ڕووسیا لە ئەورووپا لە ڕۆژگاری دوای یەکێتیی سۆڤیەت بریتی بوو لە بڕیاری ئەمریکا بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێی خستنەڕووی ئەگەری ئەندامێتی تەواوی سێ لە ئەندامانی حیلفی وارسۆ: پۆڵەندا، کۆماری چیك و هەنگاریا. لەم ڕوانگەیەوە، ڕێککەوتنی گۆرباچۆف- ڕێگان لە ڕەیکجاڤیك لە ساڵی ١٩٨٨ بە شێوەیەکی تاکلایەنانە و ڕووقایمانە لەلایەن واشنتۆنەوە پێشێل کرا، بە پاساوی ڕوودانی کۆمەڵێك ڕووداو. وەك دەرکەوتن ژیرینۆڤسکی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٣ی ڕووسیا، فشاری ناوخۆیی لەسەر بیل کلینتۆن لەلایەن ڕکابەرە کۆمارییەکانییەوە لە کۆنگرێس و ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا پێیوابوو شکستی تەواوی یەکێتیی ئەورووپایە بۆ بەدەمەوەچوونی کێشەی ئەورووپا کە بریتی بوو لە شەڕی ناوخۆیی یۆگسلافیا (١٩٩١-١٩٩٩). هەر زوو واشنتۆن ئەورووپییەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی ناتوانن بەرەنگاری قەیرانی یۆگسلافیا ببنەوە و ئەوەش ئەزموونێکی گەورە بوو کە یەکێتیی ئەورووپا تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین، ئەوا دەتوانین بڵێین هەموو هەوڵە ئاشتیخوازەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی یوگسلافیادا دەقاودەق لەبەر ئەوە شکستیان هێنا، چونکە ڕاستەوخۆ لەلایەن دیپلۆماسییەتی ئەمریکاوە تێکدران. بە هەرحاڵ، یەکەم کاری ناتۆ دوای بەفراوانبوونی- ئەمەش دوای دوو هەفتە لە چوارم بەرفراوانبوونی- بریتی بوو لە بۆردومانکردنێکی دڵڕەقانەی سربیا لە پێناوی ئەوەی پارێزگای کۆسۆڤۆ بخرێتە ژێر داگیرکاری ناتۆوە. ئەم کارەش لە کۆتاییدا بووە هۆی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٩دا ڤلادمیر پوتین، بۆریس یەڵتسن- کە بووکەڵەی دەستی ڕۆژئاوا بوو- ناچار بە پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوە بکات.

هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ڕۆژگاری دوو جەمسەریی شەڕی سارد لە دوای ١٩٨٩وە و بەلای کەمەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ کۆتایی هات و تاکجەمسەری بە سەرکردایەتیی ئەمریکا جێی گرتەوە- کە بریتی بوو لە پرۆژەیەکی هەژموونگەرایی و دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی هێزی ئەمریکا بوو لە بواری سیاسەتی جیهانیدا کە چەند تەحەددییەکی تەواو نوێی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان خوڵقاند. هەرچۆنێك بێت، دوای ڕووداوەکانی ٩/١١، ئیدارەی ئەمریکا دەستی کرد بە خێراترکردنی ڕەوتی دەستکەوتەکانی دوای شەڕی سارد کە بریتی بوو لە باڵادەستیی سیاسی و سەربازی لە جیهاندا لە پێناو تەواوکردنی هەژموونکردن بەسەر جیهاندا. بە هەرحاڵ، ئەمریکا بە ئەنقەست هێرشەکانی ٩/١١ی وەك (تاکە) کاری تۆڕی ئەلقاعیدە خستەڕوو، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی تیرۆریستی بوو بە سەرکردایەتی ئوسامە بن لادن، کە کوڕی ملیۆنەرێکی سعودی بوو و لە هەمان کاتدا بە هاوکاریی ئەمریکا فێری کاری تیرۆریستی بوو، ئەویش

**هێشتا ئامرازێکی بنەڕەتیی سیاسەتی ئەمریکایە لە میانەی ئیمپریالیزمە جیهانییە تاکلایەنەکەی، کە هەرچۆنێک بێت، بە ڕادەیەکی گەورە، دژی مۆسکۆ ئاراستە کراوە**

**هەموو هەوڵە ئاشتیخوازەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی یوگسلافیادا دەقاودەق لەبەر ئەوە شکستیان هێنا، چونکە ڕاستەوخۆ لەلایەن دیپلۆماسییەتی ئەمریکاوە تێکدران**

کاتێک لە ساڵانی هەشتاکاندا شەڕی لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت دەکرد لە ئەفغانستان. ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆرج بوشی کوڕ بە رەوتێکی زۆر خێرا کاردانەوەی نواند و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا، رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان- کە رژێمێکی ئیسلامی رادیکاڵی بوو و بنکەی دەستەبەرکرد بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەل قاعیدە- رووخێنرا و بەشێکی زۆری وڵاتەکە داگیرکرا، یان کۆنترۆڵ کرا لەلایەن هاوپەیمانێکەوە کە لە وڵاتانی پاشکۆی ئەمریکا پێکهاتبوو. ئەمە سەرەتای ئەو شەڕە بوو کە ناوی نرا «شەڕی دژ بە تیرۆر»، کە لە راستیدا بووە پاساوێکی باش بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی زیاتری پێگەی ئەمریکا وەك پۆلیسی جیهان کە دواتر داگیرکردنی عێراقی لێکەوتەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا. لەم روانگەیەوە، سیاسەتی تاکجەمسەریی جیهانی- بە واتای ئەوەی سیاسەتی جیهانی لە بارێکدایە کە تێیدا سیستمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەسەپێنرێت لەلایەن تاکە هێزێکی هەژموونخوازی باڵادەستەوە کە هێزی تەواوی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر وڵاتانی دیکەدا- بووە رەوشی باو و باڵادەست لە روانگەی پەنتاگۆن و کۆشکی سپییەوە.

لەگەڵ داگیرکاریی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ و عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا بە تەنیا مایەوە (بە پشتیوانیی سەربازیی شانشینی یەکگرتوو وەك دەوڵەتێکی پشتیوانکاری بنەڕەتی بۆ ئەمریکا لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە) لە لوتکەی هەرەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی جیهان تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨، ئەویش دوای ئەوەی رووسیا بڕیاری دا پارێزگاری لە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و مێژووییەکانی خۆی بکات لە هەندێ ناوچەی جیهاندا- بەتایبەتی لە ناوچەی قەوقازدا. بە دەربڕینێکی دیکە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ٢٠٠٨ ئەمریکا بووە تاکە دەوڵەتێك لە جیهاندا کە توانای سەربازی و سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری یەکلاکەرەوە لە هەر گۆشە و کەنارێکی جیهاندا. هەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا خەرجی سەربازیی ئەمریکا زیاتر بوو لە خەرجی سەربازیی تێکڕای وڵاتانی دیکە پێکەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی روون بوو بۆ سیاسەتی جیهانی هەژموونخوازی واشنتۆن. وا دەرکەوت کە ئەمریکا هێزێکی مێژوویی ناوازەی هەیە بۆ دارشتنی ئایندەی جیهان بە گوێرەی خواستی خۆی، کە ئەمریکا بووە تاکە هێزێکی مەزنی جیهانی وەك ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی بەهێزتر لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، یان بەریتانی.

بەپێی سرووشتی خۆی، ئیمپراتۆریەت بریتییە لە دەوڵەتێکی جیهانی کە هێزێکی مەزنی هەیە و توانایەکی راستەقینەی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە بێ کۆت و بەند هەڵسوکەوت بکات. لەم روانگەیەوە، ئیمپراتۆریەت بە تەنیا کار دەکات لەبری ئەوەی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بکات، یان بەلای کەمەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ئێمە پێیان دەڵێین هێزە مەزنەکان- کە ئەمە بنەڕەتیترین هەڵە و خەتایە کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی وروژاندنی دوژمنایەتی و پێکدادان لەگەڵ باقی جیهاندا. لە روانگەی مێژووییەوە، ئەم دوژمنایەتییە دوای ماوەیەکی دیاریکراو، کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە لەلایەن ئەوانی دیکەوە و لە پەیوەندی بە ئەمریکا ئەم کاردانەوەیە دەقاودەق لەلایەن رووسیاوە لە ساڵی ٢٠٠٨وە روویدا. لە ئێستادا ناوچەی قەوقاز، رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و بەشی رۆژئاوای ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتە ناوچەی پێکدادانی راستەوخۆی نێوان بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە سەر تەختی شەترەنجی جیهانی لە نێوان ئیمپراتۆریەتی داکشاوی ئەمریکا و هێزی هەڵکشاوی ئابووری، سیاسی، سەربازی و دارایی رووسیا. تەنانەت ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٠وە (شەڕی یەکەمی کەنداو) سنووره مۆراڵییەکانی تێپەڕاند لە خراپ بەکارهێنانی هێزە مەزنەکەی لە رێی گرتنەبەری رێچکەیەکی تاکلایەنانە دڵڕەقانە و یاخیگەرانەوە و بە چەشنی سەرجەم دەوڵەتە جیهانییەکانی دیکە ( ئیمپراتۆریەتەکان) بووە مایەی رقلێبوونەوە و ترسی ئەوەی دروست کرد، شارستانییەتێکی لادەر دروست بکات (دەوڵەتێکی لادەری چەتەئاسا، بە پێی وەسفکردنەکەی ستێڤن لێندمان). دەوڵەتە جیهانییەکە وەك لادەرێکی نێودەوڵەتی و بە پێی رێسا و بەها و نۆرم و پێداویستییەکانی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، بە چەشنی ئەوەی ئەمریکا و دەوڵەتە پاشکۆکانی لە ناتۆ کردیان لە حاڵەتی بۆردومانکردنی دڵڕەقانەی کۆماری فیدراڵی یوگسلافیا بۆ

**لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ٢٠٠٨ ئەمریکا بووە تاکە دەوڵەتێک لە جیهاندا کە توانای سەربازی و سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری یەکلاکەرەوە لە هەر گۆشە و کەنارێکی جیهاندا. هەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا خەرجی سەربازیی ئەمریکا زیاتر بوو لە خەرجی سەربازیی تێکڕای وڵاتانی دیکە پێکەوە**

**باڵی هەڵۆکانی نێو ئەو سیستمەی جیهانییەی کە ئەمریکا هەژموونی بەسەردا هەیە لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە بە ئاشکرا جەخت لەسەر پێویستی رۆڵی باڵادەست و خۆپەرستانەی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهاندا دەکەنەوە**

ماوەی ٧٨ رۆژ لە ساڵی ١٩٩٩دا.

بە بۆچوونی نعوم چۆمسکی، لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٢دا بەهێزترین دەوڵەتێك كە لە مێژوودا بوونی هەبوبێت، پرەنسیپە بنەڕەتیەکەی خۆی راگەیاند کە پەیوەست بوو بە ستراتیژیەتی مەزنی ئیمراتۆریەتەوە و نیازی خۆی ئاشکراکرد بۆ پارێزگاریکردن لە هەژموونە جیهانیەکەی لە رێی هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی یان بەکارهێنانی جبەخانەی هێزە سەربازییە مەزنەکەیەوە کە ئەمەش گرنگترین رەهەندی هێزە کە بەهۆیەوە پەنتاگۆن باڵادەستی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندووە. هەروەها زۆر بە روونی ئەمە دووپاتکرایەوە لەلایەن کۆشکی سپییەوە لە ١٧ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٢دا، وەك بەشێك لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، کە راگەیەنرا چیتر ئەمریکا پابەند نابێت بە رێساکانی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی هێزەوە: هێزەکانی ئێمە هێندە بە توانان کە دەتوانن رکابەرەکانمان پاشگەز بکەنەوە لە بنیادنانی هێزی سەربازی بە ئومێدی ئەوەی تێپەڕاندنی، یان گەیشتنەوە بە هێزی ئەمریکا.

باڵی هەڵۆکانی نێو ئەو سیستمەی جیهانییەی کە ئەمریکا هەژموونی بەسەردا هەیە لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە بە ئاشکرا جەخت لەسەر پێویستی رۆڵی باڵادەست و خۆپەرستانەی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهاندا دەکەنەوە، بۆ نموونە، هەروەك هیلاری کلینتۆن، لە وتەکانیدا، لە کاتی دەستنیشانکردنی وەك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩دا رایگەیاند: لێگەڕێن با بە روونی رایبگەیەنم، ئەمریکا دەتوانێت لەم سەدە نوێیەدا سەرکردایەتی جیهان بکات و دەبێت بیکات. جیهان لە ئێمە دەڕوانێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا توانا و ئیرادەی ئەوەیە هەوڵی هاوبەشی پێویست بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر ئاستی جیهان- لە پێناو بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانماندا، بەڵام وەك هێزێکیش بۆ بەرەوپێشچوون. لەم رووەوە ئێمە رکابەرمان نییە.

بە هەرحاڵ، ئەم وتانەی هیلاری کلینتۆن، بێ بناغە بوون، لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا لە داکشاندا بوو. ناکرێت لە داکشانی لەسەرخۆ و رەنگە داڕووخانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا، بە چەشنی هەر ئیمپراتۆریەتێکی دیکەی مێژوو، تێبگەین بە بێ بوونی زانیاری پێشوەختە لەبارەی سرووشت و پاڵنەرەکانی سیستمی ئیمپریاڵیزمەوە. لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەمریکا وەك کۆمەڵگەیەکی سەربازی هەڵدەسووڕا، بە چەشنی ئیمپراتۆریەتی رومانی، یان سەڵتەنەتی عوسمانی. ئەگەر بمانەوێت وردتر قسە بکەین، پاڵنەری پشت ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا ئامانجێکی دەرەکییە، کە بریتییە لەوەی ئەمریکا پێیوایە پێویستە سەرلەنوێ جیهان لەسەر بناغەی بەها و نۆرمەکانی خۆی دابڕێژرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەم پرۆژە بەرزەفڕە پێویستی بە سیاسەتێکی تەواو سیستماتیکی دەبێت بۆ بەگەڕخستنی تەواوی کۆمەڵگە و سیاسەت و ئابووری. ئەم بەگەڕخستنەش هەمیشە پێویست بەوە دەکات بەشێکی دیاریکراوی ئابووری ناوخۆیی بکرێتە قوربانی لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە بەرفراوانخوازییەکاندا، لە بنەڕەتدا کارکردنی سیستمەکەش بەردەوام دەبێت بەهۆی پێداویستی پڕکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا بەکارهێنراون، ئەو پێداویستییەی کە ئەمریکا ناتوانێت سەرکەوتووانە بەدەستیان بهێنێت.

لە راستیدا، ئەمریکا بۆی دەرکەوت کە پارێزگاریکردن لە باڵادەستیی سەربازی بەسەر جیهاندا چەند گران لەسەری رادەوەستێت. سەربازانی ئەمریکا لە نزیکەی ٨٠ وڵاتدا بڵاوکراونەتەوە، لە ناوچەی بەلقانەوە بۆ قەوقاز و لە کەنداوی عەدەنەوە بۆ نیمچە دورگەی کۆریا و هایتی. لە ئێستادا ئیدارەی ئەمریکا کەوتۆتە نێو گێژاوی ئەوەی پێی دەڵێن کاریگەری زیادبەرفراوانبوونی ئیمپراتۆریەت- واتە کەلێنی نێوان سەرچاوەکان و ئامانجەکان بە تایبەتی لە بواری سیاسەتی (ئیمپریالیزمی) دەرەکیدا کە بە شێوەیەکی رەسمی بەرگی پێداویستی ئاسایشی ناوخۆیی، یان ئەرکی نێودەوڵەتی، یان مرۆیی بە بەردا دەکرێت. بێگومان، خەونە ئیمپریالییەکانی ئەمریکا- کە تێچوونێکی زۆر لە خۆ دەگرێت-، بە تایبەتی خەرجییە سەربازییەکان بوونەتەهۆی لاوازکردنی ئابووریی ئەمریکا لە پەیوەندی بە رکابەرە سەرەکییەکانیەوە، وەك چین و رووسیا.

چەندین توێژەر (نعوم چۆمسکی، چۆسۆدۆڤسکی و.. هتد) و بەرپرسی رەسمی ( وەك پەی. کەی. رۆبەرتس) پێشبینی ئەوە

**ئەمریکا چیتر لە پێگەیەکدا نییە کە بتوانێت رێچکەکەی بوش جێبەجێ بکات، واتە ستراتیژیەتە گەورە تاکلایەنەکەی ئیدارەی جۆرج بوش لە پێناو پاراستنی جیهانی تاکجەمسەری لە ژێر هەژموونی ئەمریکادا لە رێی پاراستنی توانای سەربازی ئەمریکاوە بە بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێك لە جیهاندا بتوانێت تەحەددی بکات**

**ئەمریکا بۆی دەرکەوت کە پارێزگاریکردن لە باڵادەستیی سەربازی بەسەر جیهاندا چەند گران لەسەری رادەوەستێت. سەربازانی ئەمریکا لە نزیکەی ٨٠ وڵاتدا بڵاوکراونەتەوە، لە ناوچەی بەلقانەوە بۆ قەوقاز و لە کەنداوی عەدەنەوە بۆ نیمچە دورگەی کۆریا و هایتی**

**ئەركی جیهانی شارستانیەتییەكان لە سەردەم پێكدادانی شارستانیەتییەكاندا بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی نیچمە شارستانییەتێك كە دەبێتەهۆی شێواندنی خەسڵەتی مرۆیی لە جیهاندا**

دەكەن كە دوای -پاكس ئەمریكانا- سیستمێكی فرەجەمسەری پەیوەست بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانەوە سەرهەڵبدات. راستییەكە ئەوەیە كە فرەجەمسەری- وەك سیستمێكی جیهانی كە زیاتر لە دوو سەنتەری هێزی باڵادەست هەن- لەبری تاكجەمسەری، یان دووجەمسەری، بە روونی پشتیوانی لێكراوە لەلایەن ئیدارەی ڤلادمیر پوتین لە كرملین. ئەم چەمكی فرە جەمسەرییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا دەبێت لە پاڵ ئەمریكا و بریكس (وڵاتانی بەرازیل و هیندستان و رووسیا و چین و باشووری ئەفریقیا)، یابان و یەكێتیی ئەوروپاش لەخۆبگرێت. سیستمی فرەجەمسەریش، كە چەند هێزێكی مەزنی تا رادەیەك یەكسان لەخۆدەگرێت، بە سرووشتی خۆی سیستمێكی ئاڵۆزە و ئومێد دەكرێت گەشەكردووتر بێت لە پێناو پاراستنی ئاسایشی جیهاندا. لە راستیدا جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨وە لە پرۆسەی گواستنەوەی هێزدایە كە بە دڵنیاییەوە ئەمە رۆژگارێكی مەترسیدارە كە هێزێكی مەزنی وەك ئەمریكا راستەوخۆ تەحەددی دەكرێت بەهۆی هەڵكشانی هێزە ركابەرەكانیەوە- رووسیا و چین-. بەو پێیە، قەیرانی ئێستای ئۆكرانیا و سووریا دەرئەنجامەكانی (زیانێكی جیهانیی لابەلا)ی ئەم قۆناغی گواستنەوەی هێزەیە كە حاڵی حازر بۆتە خەسڵەتی سەرەتای سەرهەڵدانی سەرلەنویێ شەڕی سارد كە بۆی هەیە بگۆڕێت بۆ رۆژگاری ئاشتییەكی گەرم. بەهەرحاڵ، ئیدارەی ئەمریكا چیتر لە پێگەیەكدا نییە كە بتوانێت رێچكەكەی بوش جێبەجێ بكات، واتە ستراتیژیەتە گەورە تاكلایەنەكەی ئیدارەی جۆرج بوش لە پێناو پاراستنی جیهانی تاكجەمسەری لە ژێر هەژموونی ئەمریكادا لە رێی پاراستنی توانای سەربازی ئەمریكاوە بە بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێك لە جیهاندا بتوانێت تەحەددی بكات، چونكە لە ئێستادا گومان لەوەدا نییە كە رووسیا و چین بوونەتە تەحەددی بۆ هەژموونی ئەمریكا. ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە لە پرۆسەی پێكهێنانی بلۆكی هاوپەیمانێتی خۆیاندان و پشتیوانی لە فرەجەمسەری دەكەن وەك رێچكەیەكی هاوكاری بۆ ئیدارەدانی كێشە جیهانییە هاوبەشەكان و پاراستنی ئاسایشی دەستەجەمعی لە رێی كاری بەكۆمەڵ و هەماهەنگیكردن (بیركردنەوە وەك گرووپێك) لە نێوان هێزە مەزنەكانەوە.

ئەركی بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە بریتییە لە پاراستنی چەمك و پراكتیزەكانی سیستمی جیۆپۆلەتیكی تاكجەمسەری لە جیهاندا، لە كاتێكدا رووسیا لەگەڵ وڵاتانی برێكسدا (بەرازیل و هیندستان و رووسیا و چین و باشووری ئەفریقیا) بە ئاشكرا گوزارشت لە دیاردەیەكی جیهانی دەكەن، كە بریتییە لە هەڵكشانی باقی هێزەكان لەبەرامبەر هەژموونی تاكەجەمسەریی ئەمریكا. هەڵكشانی وڵاتانی برێكس ئاماژەیە بە ئاڵوگۆڕێكی یەكلاكەرەوە لە پارسەنگی هێزی جیهانی بە ئاراستەی كۆتاییهاتنی یەكجارەكی هەژموونی ئەمریكا. لە ئێستادا گرنگیی ئەم چوار ئابوورییەی كە لە گەشەكردنی خێرادان و هێزە جیۆپۆلەتیكییە جیهانییەكەیان زەق و لەبەرچاوە و پێشبینی ئەوە دەكرێت تاوەكو ساڵی ٢٠٢١ هێزی وڵاتانی برێكس هێزی وڵاتانی گرووپی ٧ تێپەڕێنن. لەم گۆشەنیگایەوە، ئێمە مامەڵە لەگەڵ دوو چەمكی جیۆپۆلەتیكی دژ بە یەكی پەیوەست بە سیستمی جیهانی لە سەدەی ٢١دا دەكەین. قەیرانی ئێستای ئۆكرانیا و سووریا تەنیا گوزارشتی عەمەلین لەم حاڵەتە. لە روانگەیەكی گشتییەوە، ئیدارەی ئەمریكا، لەترسی دووبارە هێنانەئارای یەكێتیی سۆڤیەت، بەرهەڵستی پرۆژە جیۆپۆلەتیكییەكانی رووسیا ناكات، بەڵكو لە پێناو جێبەجێكردنی پرۆژە جیۆپۆلەتیكییە جیهانییەكانی خۆیدا ئەم كارە دەكات كە پێی وایە دەبێت رووسیا لە رووی ئابووری و سیاسیەوە ئیستیعماری رۆژئاوا بێ، بە چەشنی ئەوەی سەرجەم كۆمارەكانی یوگسلافیای پێشوو لە ئێستا لەم دۆخەدان، ئەگەرچی هەموویان بە فەرمی دەوڵەتی سەربەخۆن. بەپەلەترین ئەركی ئەمریكا لە مامەڵەكردن لەگەڵ رووسیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە ئەوەیە رێگری لە مۆسكۆ بكات، تاوەكو نەتوانێت بلۆكی جیۆپۆلەتیكی و ئابووری ئیرۆسیا دروست بكات، ئەویش لە رێی خراپ بەكارهێنانی لەلایەن ئەمریكاوە- سیاسەتی یەكێتیی ئەوروپا و بەرفراوانبوونی ناتۆ بە ئاراستەی رۆژهەڵات، واتە بەرەو ئەوروپای رۆژهەڵات و بەلقاندا. لەم مەسەلەیەدا ئۆكرانیا یەكێك لەو رۆڵە بنەڕەتیانە دەبینێت كە زبیگنیف برژینسكی- كە فۆبیای لە بەرامبەر رووسیا و

هەبوو و بە رەچەڵەك پۆڵەندی بوو- بۆی دیاری کردبوو. ئۆکرانیا پانتاییەکی گرنگ و نوێیە لە تەختی شەترەنجی ئیرۆسیا وەك میحوەرێکی جیۆپۆلەتیکی، چونکە بوونی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێتەهۆی ئەوەی بەر بە رووسیا بگیرێت تاوەکو نەتوانێت ببێتە ئیمپراتۆریەتی ئیرۆسیا، بە واتای بوونی بە چەقی هێزی جیهانی. لەم دیدگایەوە، دەبێت سیاسەتی ئەمریکا لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە دژی رووسیا هەڵبگەرێنێتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئۆکرانیا، کە دەبێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت بۆ ئەوەی خەنجەر لە پشتی رووسیا بدات.

بیرۆکەی هەنتیگتۆن لەبارەی پێکدانانی حەتمیی نێوان کەلتوورە دژە بە یەکەکان لە دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە لە بنەڕەتدا پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەکادیمی بوو بۆ بەردەوامبوونی سیاسەتی هەژموونخوازیی جیهانیی ئەمریکا لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە. خودی نووسەر، لە بەشێکیدا ئەکادیمیەکی دیار و لە بەشێکیدا راوێژکاری سیاسی بوو بۆ چەندین ئیدارەی ئەمریکا- ئەم پۆستە گرنگەی لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانەوە بەدەستەوە بوو. ئەمەش بە واتای ئەوەی هەنتیگتۆن راستەوخۆ بەشدار بوو لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی شەڕی سارددا. بە هەرحاڵ، لە کۆتاییدا یەکێتیی سۆڤیەت، لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستە پاشکۆکانی شەڕەکەیان دۆڕاند، بەڵام دەبوو سیاسەتی ئەمریکا – پاکس ئەمریکانا- بەردەوام بێت لە دوای شەڕی ساردەوە، لە راستیدا هەنتیگتۆن لە رێی ئەم وتارە و کتێبەکەی دواتریەوە لەبارەی پێکدادانی شارستانیەتە دژ بە یەکەکانەوە- کە سیستمی بەهاکانیان جیاوازییەکی قووڵیان هەیە لەگەڵ یەکدا- زەمینەی ئەکادیمی خۆشکرد بۆ پەنتاگۆن بۆ داتاشینی دوژمنێکی نوێ و سوودبەخش کە بووە هۆی پێدانی رۆڵی نوێ بە ئەمریکا و پاساوی نوێی بۆ ئەمریکا دەستەبەرکرد بۆ بەردەوامیدان بە هەژموونی خۆی لە جیهانی دوای یەکێتیی سۆڤیەتدا. یەکێك لە دوژمنەکانی، رووسیای دوای رۆژگاری یەڵتسن بوو، چونکە دەوڵەتێك بوو بڕیاری دا بەرهەڵستی هەر لایەنێك بکات کە هەوڵی هەژموونخوازیی جیهانی بدات.

سیاسەتی دەرەکیی نوێی رووسیا لە سەدەی ٢١دا بە شێوەیەکی تایبەت بە ئاراستەی پووچەڵکردنەوەی ئەو پێشبینیانەن کە لە سەدەی نوێ و لە هەزارەی نوێدا ئەمریکا باڵادەستتر دەبێت بە بەراورد بە رابردوو. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە پەیوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە لە قۆناغی گواستنەوەیە لە سیستمێکی نوێی جیهان بە سەرکردایەتی ئەمریکا بەرەو سیستمێکی فرەجەمسەری و دووبارە رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان.

سەرکەوتنی سەربازیی پرۆژەی جیۆپۆلەتیکی – پاکس ئەمریکانا- بریتی بوو لە شەڕی دووەمی کەنداو (شەڕی عێراق) لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش – موحافیزکاری نوێ- بەرپا کرا و ئامانجەکەش بریتی نەبوو لە کۆتایی پێهێنانی حاڵەتی ڤێتنام، بەڵکو بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو کەسانە بوو کە پێشتر پێشبینیی داخورانی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکایان کردبوو لەسەر شانۆی سیاسەتی جیهان. ئەندازیارانی جیۆپۆلەتیکی رووسیای دوای یەڵتسن، بە دواشیاندا سەرجەم رەخنەگرانی – پاکس ئەمریکانا- جەخت لەسەر مەترسییەکانی کاریگەریی هێزی نەرمی ئەمریکا دەکەنەوە بۆ دارشتنی کەلتوور و شێوازی جلوبەرگ و خواردنی خێرا و مۆسیقا و.. هتد، وەك بەرهەمی کەلتوورێکی لاوەکی سەرەتایی و نیمچە شارستانی. لەم روانگەیەوە، ئەرکی جیهانی شارستانیەتییەکان لە سەردەم پێکدادانی شارستانیەتییەکاندا بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی نیچمە شارستانیەتێك کە دەبێتەهۆی شێواندنی خەسڵەتی مرۆیی لە جیهاندا. ئەمە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی رووسیا لە سیاسەتی جیهانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە وەك یەکێك لە هێزە مەزنە هەڵکشاوەکان. دەکرێت هێزی هەڵکشاوی رووسیای دوای یەڵتسن- وەك یەکێك لە دەوڵەتە سەرەکییەکان کە تەحەددای هەژموونی تاکجەمسەریی ئەمریکا دەکات- لە روانگەی ئەو راستییەوە سەیر بکرێت کە تەنیا تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ رووسیا توانیویەتی لە دوو هێندەکردنی تێکڕای داهاتی نەتەوەیی و لە سێ هێندەکردنی کرێ و لە کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری سەرکەوتوو بێت.

**تەنیا تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ رووسیا توانیویەتی لە دوو هێندەکردنی تێکڕای داهاتی نەتەوەیی و لە سێ هێندەکردنی کرێ و لە کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری سەرکەوتوو بێت**

# میدیاو کاریگەریی کولتووری

## بەشی یەکەم

**کاریگەریی ناسنامە**


مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبووندا هەڵگری ناسنامەیەکی بایۆلۆجییە کە کۆمەڵێك شتی نەگۆڕاو و چەسپاو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە لەژێر کاریگەریی دەوروبەر و تەمەنیدا ناگۆڕێت، لەوانە وەك رەگەز رەنگی پێست و...هتد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و تەمەن و تیکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناسنامەیەکی دیکەش هەڵدەگرێت کە ئەویش بە ناسنامەی ‹کولتووری› ناو دەبرێت، کە زمان و ئایین و دابونەریت و ستایلی ژیان و خواردن و ئینتیمای نەتەەیی و نیشتمانی و.. هتد، دەگرێتەوە. ئەمانە بە ناسنامە گۆڕاوەکان و ناجێگیرەکان ناودەبرێن و بە کاریگەریی دەوروبەرو پەروەردەو میدیا دەگۆڕین.

پسپۆڕانی بواری میدیا، پێیانوایە کە لە کۆندا خێزان و مزگەوت و کەنیسە و قوتابخانە و کۆمەڵگە ناسنامەو کولتووورە گۆڕاوەکەیان بۆ تاك دروست دەکرد، بەڵام سەرهەڵدان و گەشەسەندنی میدیا و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا (لە رۆژنامەوە بیگرە، تا سۆشیاڵ میدیا و مۆبایل میدیا) وایان کردووە کە لەپێش خێزان و مزگەوت و کەنیسە و قوتابخانەوە دروستکەری ناسنامەی تاکە و بە ئاسانی دەتوانێت گۆڕانکاری پێ بکات و بیسڕێتەوە و تەنانەت زمانی دایکی بگۆڕێت و زمانیکی دیکەی فێربکات، یان دابونەریتێکی پێ بگۆڕێت و دابونەریتێکی دیکەی فێربکات و ناسنامە ئایینی و نەتەوەیی و کولتوورییەکەی بەئاسانی پێ بگۆڕێت. بۆیە لێرەوە دەبێت بزانین میدیا چ هێزێکی کاریگەرە لە هەر رەفتارێك کە بمانەوێت بۆ تاکی دروست بکەین.

وڵاتانی پێشکەوتوو سیستمە میدیاییەکەیان هاوشانی سیستمە سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکە کردووە، تاکو بتوانن هەماهەنگ لەگەڵ ئەوان لە خزمەت ئەو ناسنامەیە بێت، کە نیشتمان دەیەوێت هاووڵاتیان هەڵگری بن. میدیا بۆ خزمەتی کولتوور و ناسنامە بەکاردێنن و دەبێت میدیا بە هەر ئاراستەیەکدا کار بکات، دواجار بێتەوە سەر ئەوەی کە هاووڵاتی هەستی هاووڵاتیبوون و نیشتمانیبوونی لا دروست بێت، ئەمەش بێگومان بە بوونی بەرهەمێکی خۆماڵی و میدیایەکی نیشتمانی دەبێت.

لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی و کوردستانی گەورە بەگشتی، لەبەر نەبوونی دەوڵەت و نەبوونی میدیایەکی نەتەوەیی نەمانتوانیوە ئەو ئینتیما و هەستە نەتەوەییە لای تاك دروست بکەین. لە کاتێکدا ئەگەر سیستمە سیاسی و پەروەردەییەکەشمان هەستی نەتەوەیی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بوونی بە خەم گرتبێت، چونکە میدیایەکی نیشتمانیمان نییە و سیستمە میدیاییەکە هەماهەنگ نییە لەگەڵ کۆی سیستمەکانی وڵاتدا، بۆیە میدیا نەك نەیتوانیوە ئەو هەست و ناسنامە نەتەوەییەمان بۆ دروست بکات، بەڵکو حزبیبوونی سیستمی میدیاییمان و لە دواییشدا هاتنە ناوەوەی میدیای بازرگانی و کەرتی تایبەت و شپرزیی میدیا و زۆری و بۆریی کەناڵ و نەبوونی یاسایەکی گشتی راگەیاندن و رێکنەخرانی میدیا لە دامەزراوەیەکدا کە سەرپەرشتیی میدیا بکات و میدیایەکی نیشتمانی و سیستمێکی میدیای نەتەوەیی و نیشتمانیمان بۆ فەراهەم بهێنێت.لە لایەکی ترەوە میدیا نەك زۆر و شپرزە و بێ بەرنامەیە، بەڵکو ئەوەشی هەیە هێندەی بۆ خەم و پرسە حزبییەکە رێکخراوە، بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە رێك نەخراوە و کار ناکات بۆ ئەوەی هەستی هاووڵاتیبوون و کوردستانی و کوردبوون لای تاك دروست بکات. لەلایەکی ترەوە هاوردەکردنی بەرهەمی بیانی و هەریەکە لە وڵاتیك و هەریەکە بە کولتوورێکی جیاواز، وایکردووە کە بەردەوام بەریەککەوتەی کولتووریمان هەبێت و کولتوور و فەرهەنگ و زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیمان لەبەردەم مەترسی و سڕانەوەدا بێت. لە کاتێکدا ئێمە بمانەوێت تاك بهێنینە سەر هێڵی ئەوەی کە دەنگ بە پرسێکی نەتەوەیی بدات، یان هەڵوێستیکی نەتەوەیی هەبێت، ئاسان نییە، چونکە ئەوا عەیامێکە لە بەردەم میدیایەکدایە کە ناسنامە نەتەوەیی و کولتوورییەکەی شفت پێ دەکات .

● **مەترسییەکان:**

١-نەمانی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری.

٢-لاوازبوونی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و میوزیکی کوردی.

٣-نەمانی خۆشەویستی و ئینتیمای تاك بۆ نیشتمان و نەمانی زمان و بیرکردنەوەو هەستی هاوبەش لای هاووڵاتیان.

● **چارەسەر:**

١-دیاریکردنی سیستمی میدیا لە دەستوور و بەو شێوەی کە خزمەت بە نەتەوەو نیشتمان بکات.

٢-رێکخستنی میدیا و بوونی دامەزراوەیەك، یان وەزارەتێك تایبەت بە میدیا و سەرپەرشتیکردنی.

٣-بوونی یاسایەکی گشتی بۆ میدیا و پڕکردنەوەی بۆشاییە یاساییەکانی میدیا.

٤-بوونی میدیایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و خاوەن گوتار و ستراتیژیی نیشتمانی.